دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦٩، پێنجشەممە ١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٥ی مارسی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com


**مستەفا هیجری: پیرۆزتان بێت ئەو سەرکەوتنە**

**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکرات بەبۆنەی سەرکەوتنی «بایکۆت»**

**پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان کرد.**

**خەڵکی ئازادیخواز و وشیاری کوردستان!**

**هەروەک لێتان چاوڕوان دەکرا، بە دەنگی بەرز و ئیرادەیەکی بەهێز جادووی شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیمتان پووچەڵ کردەوە. ئێوە لەو خەباتەتاندا سەرکەوتنتان بەدەست هێنا و ژەهری شکانێکی دیکەتان بە ڕێژیم چێشت.**

**پیرۆزتان بێت ئەو سەرکەوتنە، سپاس بۆ بوێریتان**

**٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٨ی هەتاوی**



سەمپۆزیۆمی چەواشە ٤


بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر شوناسی نەتەوەیی ٦


ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨


لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠


# کرۆنا و کەڵکاوەژووی حکوومەتی



لەم ڕۆژانەدا پەتای چڵکنی «کرۆنا» لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی ئێران بووەتە باسێکی گشتگیر کە لەگەڵ ئەوەی ترسی خستووەتە دڵی خەڵک، دۆخێکی نائاساییشی خوڵقاندووە. دۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ کە دەکرێ سەرچاوە و هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ ڕێژیمی چەواشەکاری تاران بگێڕدرێتەوە کە نەتەنیا لە کاتی هاتن و بڵاوبوونەوەی کرۆنا چەواشەکاری و فریوکاری کردە پیشە، بەڵکوو ئێستەش پاش زیاتر لە دوو مانگ هێشتا ئامادە نییە دۆخی نائاسایی ڕابگەیەنێت و ئاماری دروست لەمەڕ ڕێژەی توشبووان، قوربانییان و باقی وردەکارییەکانی ئەم نەخۆشییە بدات بە دەستەوە. ئەوەیکە تا ئێستە وەکوو ئامار دەدرکێ کۆمەڵێک زانیاری نافەرمین کە خەڵکانێک لە ڕووی دڵسۆزی و تەنیا لەبەر ئەوەیکە قووڵایی قەیرانەکە پیشانی بیروڕای گشتی بدەن دەیدرکێنن. لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە؛ ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە هەواڵێکیدا بە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەشەمە نووسیویەتی: «لە یەکەم ڕۆژ لە ئێراندا کە بە فەرمی باس لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا کرا، بەرپرسانی نەخۆشخانەی بۆکان لەوانە دوکتور «م.ی»، «د.ا» و «ن.م» بە هەڕەشە نەیانهێشتووە کادری دەرمانیی ئەو نەخۆشخانەیە دەمامک لێ بدەن.ئەو کاربەدەستانەی نەخۆشخانە وتوویانە، نابێ دەمامک لێ بدەن چونکە کۆرۆنا جێگای مەترسی نییە و خەڵک مەترسێنن.لە نەخۆشخانەی بۆکان بۆ یەکەم جار کە نەخۆشی گومانلێکراو بە کۆرۆنا خەوێندرا، دەستبەکار بوون و ئێستا بەشێک بۆ قەرەنتینە دیاری کراوە کە □ نەخۆشی لێیە.کادری بەشی قەرەنتینە بە کەمترین خزمەتگوزاری خەریکی پەرستاریکردن لەو نەخۆشانەن کە مەترسییەکی زۆریان لەسەرە.هاوکات بەهۆی بێ پارەیی، نەخۆشخانەی بۆکان داوای لە خێرخوازان کردووە کە یارمەتییان پێ بدرێت.هەر لە بۆکان ڕێژیم دەیهەوێت بەشێکی بەرچاو لە پەرستارەکانی بۆکان بۆ شارەکانی باکووری ئێران ڕاگوازێت.» هەر هەمان سەرچاوە و لە هەواڵێکی تردا باسی لەوە کردووە کە «نەخۆشخانەکانی ئێران کەرەستەی پێویستیان بۆ نەخۆشیی کۆرۆنا نییە و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکان لە دۆخێکی نالەباری پزیشکیدا کار دەکەن و ئەمە مەترسییەکی جیددییە لەسەر تەندروستییان.بەپێی ڕاپۆرتەکان، کەمیی خزمەتگوزاری هەتا ئەو ئاستەیە کە لە نەخۆشخانەکان تەنانەت دەمامکی N٩٥ دەست ناکەوێت و بە جێگای دەمامکی سادە بە پەڕۆ دەمامکیان دروست کردووە.گیانی پەرستارەکان بەهۆی ڕێژەی زۆری تووشبووان بە نەخۆشیی کۆرۆنا کەوتووەتە مەترسییەوە، بەڵام لەبەر ئەوەیکە ڕێژەی ئیزافەکاری و تێچووی نەخۆشخانە نەچێتە سەرەوە، بەرپرسان ئامادە نین بۆ هیچ بەشێک پەرستاری زیادی دابنێن.»

هەر لەمبارەشەوە جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی بێهداشتی مەجلیس وتوویەتی: ٤١٪ی ئەو کەسانەی کە تووشی کرۆنا بوون، پاش سەردانی ناوەندە دەرمانییەکان تووشی ئەم بەڵا بوون، ئەمەش واتە ناوەندە دەرمانییەکان لە ئێران هیچ کامێکیان خاوەنی ستانداردی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کرۆنا نین و لەڕاستیدا بوونەتە ماکەی بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤیرووسەکە!

ئەم نموونانە بەتەنیا دەری دەخەن کە ڕێژیم لەهەمبەر ئەو دۆخە قەیراناوییە نەتەنیا هیچ پلانێکی نییە بەڵکوو بەئەنقەست لە کوردستاندا هەوڵ بۆ پەرەدان بە نەخۆشییەکە دەدات! نموونەی بەرچاوی ئەم هەوڵە قێزەونەش ناردنی هەندێک مۆرەی گوێلەمستی خۆی لە قۆمەوە (یەکەم ناوەندی کرۆنا) بۆ شارەکانی کوردستانە.

ڕاستە کە دەوترێ ترس بۆخۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی توشبوونی زیاتر بە کرۆنا بەڵام کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەمەش وەک «حەربە»یەکی گلاو کەڵک وەردەگرێت و هەوڵ دەدات دۆخەکە زۆر ئاسایی نیشان بدات تاکوو خەڵکانێکی زیاتر تووشی ئەم پەتا ببن.

ئەوەیکە جێی دڵخۆشییە ئەو کەتوارەیە کە خەڵک بەتایبەت لە کوردستاندا هیچ متمانەیەکیان بە ڕێژیم و قسەی نابەرپرسەکانی ئەم ڕێژیمە نییە و خۆیان لە هەوڵی خۆپاراستنی خۆیاندان، چوونکە دەزانن لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا تەنیا خۆیانن کە دەتوانن فریای خۆیان بکەون. لەم پێوەندییەشدا بەشێکی بەرچاو لە بازاڕییانی شارەکانی وەک سەقز و مەریوان و جوانڕۆ تەنیا بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری کرۆنا دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە.

ڕەهەندێکی تری ئەم کەتوارە ئەوەیە کە کاتێک خەڵک دەزانن ڕێژیم ئامادە نییە وەک پێویست ئامادەکاری بۆ پێشگرتن لە نەخۆشییەکە بکا و پێداویستییەکانی خۆپاراستن ڕادەستی خەڵک بکات بۆخۆیان و وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤتەوەرانە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی کەرەستەی تەندروستی وەک «ماسک و دەستکێش»ن و بەشێوەی خۆبەخش و بێبەرامبەر دەستیان کردووە بە دابەشکردنیان. ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە خەڵک هیچ هیوایەکیان بە حکومەت و ناوەندەکانی نەماوە و دەزانن کە ئەگەر بەتەمای هاوکاری و ڕێنوێنی ڕێژیم و دامودەزگا پێوەندیدارەکانی بن ئەوا چارەنووسیان وەک ئەوانەی لێ دێت کە ئەمڕۆ بوونیان نەماوە!

لەم نێوانەدا نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ڕێژیم لەوپەڕی بێشەرمیدا و لەحاڵێکدا کە خەڵک سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەخۆشییەکی وەها کوشندەن، کەڵکاوەژووی «ئەبزاری « لە دۆخەکە وەردەگرێ و سەرقاڵی سەپاندنی سزای قورس بەسەر ناڕازییانی مانگی خەزەڵوەرە کە بەهۆی ناکارامەیی و بێکیفایەتی سەرانی ڕێژیم ڕژانە سەر شەقامەکان و دژی ڕێژیم درووشمیان دا.

ئەوەیکە ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێ، کەتوارێکی تاڵە کە دەکرێ لە چوارچێوەی دژەگەلی بوون و دژەمرۆڤ بوونی ڕێژیم پێناسەی بۆ بکرێت و هیچی تر! سەلمێنەری ئەم ڕاستییەش ئێعتراف و دانپێدانانەکانی مەسعود پزشکیانە کە دەڵێ: ئامارە درکاوەکان ڕاست نین! ئێمە گاڵتەمان بە کرۆنا دەهات و دەبوایە ژیرانە بجوڵایەتینەوە! وتوویشیەتی: ئەوەیکە وەزارەتی تەندرووستی دەیدا بە دەستەوە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە و دەبێ شارەکان بە هێزی سەربازی قەرەنتینە بکەین!

کۆماری ئیسلامی تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەیکە لە وڵاتانی دراوسێی ئێران خەڵک بە گاڵتەوە لەگەڵ خەڵکانی یەکەی سیاسی – جوغرافیایی ئێران بدوێن؛ وەزیری بێهداشتی تورکیە لە نوێترین لێدوانیدا باسی لەوە کردووە کە لە سەرەتادا پێشنیارمان بە ئێران دا کە قۆم قەرەنتینە بکات، وتیان پێویستی نییە. ئیستە کە تووشی کێشەی قووڵ بوونەتەوە داوای هاوکاریمان لێدەکەن! ئێمەش وتوومانە: پێویست ناکات ئێمە بێن یان ئێوە بێن، لە ڕێگەی سکایپەوە قسان دەکەین!

پەیڤ

## وێرانکردن لە نێو گەندەڵکاریدا

**کەریم پەرویزی**

سیستمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە ئێران، لە بەرامبەر نەخۆشییەکی وێرانکەری وەکوو کرۆنادا، نەك یارمەتیی خەڵکی نەداوە و سیستمێکی تەندروستیی وەهای دانەمەزراندووە کە وە فریای خەڵك بکەوێ، بەڵکوو خۆی بۆتە هۆکارێك بۆ هێنانی ئەو نەخۆشییە و بە بڕیارە دواکەوتووانە و دژەمرۆییەکانی هەم لە ڕێگەی ماهان ئەیرەوە کرۆنای هێنایە ئێران و هەم لە ڕێگەی قەرەنتینەنەکردنی قۆمەوە، لە هەموو ئێران بڵاوی کردەوە.

ئێستە ئیدی سەرتاپای ئێران کرۆنا گرتوویە و تەواوی کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم هەڕەشەی کرۆنادایە و کۆمەڵگا خۆی لەگەڵ ئەم نەخۆشییە شەڕ دەکا.

ڕێژیم تەنیا خەریکی پاراستنی کەسە نزیکەکان و بەرپرسانیەتی و سوپای پاسدارانیش خەریکی مافیای گەندەڵییە تاکوو شتومەکی تەقەلوبی بە خەڵك بفرۆشێ!

ئێستا هەموو کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ مەترسییەکی وەکوو کرۆنا بەرەوڕوو بوون و هیچ هیوایەکیان بە سیستمی تەندروستیی حکومەتی نییە و خۆیان خەریکی دەربازکردنی گیانیانن. لەم کاتەدا کە هەمووی ڕای گشتی لە ئێران بە کرۆناوە خەریکە، کۆماری ئیسلامی لە چەند بواردا خەریکی گەندەڵکارییە کە دوای تێپەڕینی کرۆناش، ژیانی ئەم کۆمەڵگایە ئاسوودە نابێ.

لەم ڕۆژانەدا، بەهۆی ئەوەی ڕێژیم مەرجە نێونەتەوەییەکانی قبووڵ نەکرد، ئێران کەوتە لیستی ڕەشی سیستمی جیهانیی دژە سپیکردنەوەی پارەوە و ئەم بڕیارە بازرگانی و ئابووریی ئێران ئەوەندەی دیکە وێران دەکا. هەر لەم ڕۆژانەدا دووبارە ئاژانسی وزەی ناوکی ڕاپۆرتی دا کە کۆماری ئیسلامی بەخێرایی ئۆرانیۆمی پیتێندراو زیاد دەکا و سێ بنکەی ناوکیی دیکەی هەیە کە ڕێگەی بە ئاژانس نەداوە سەردانیان بکا!

لە هەمان کاتدا ئەم ڕێژیمە هەم فڕینی فڕۆکەکانی ماهانی بۆ چین ڕانەگرتووە و بەردەوام خەریکی بردن و هێنانی شتومەکی نەزانراوە و لە هەمان کاتیشدا سیستمی تەندروستیی جیهانیش ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێژیمە لە کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەدا شکستی هێناوە و ئامارەکانیشی ڕاست نین!

ئەم بوارگەلە کە لە فەزای ڕەوانیی کرۆنادا، خەریکە بە بێدەنگی تێدەپەڕێ، لە ڕۆژان و مانگەکانی داهاتوودا گوشاری زیاتر و سزای زیاتری بۆ ڕێژیم

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی شاری «خۆی»

لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی چەند ڕۆژ لەمەوپێش لەم بەر و ئەوبەری سنووری تورکیە ـ ئێران جارێکی دیکە بەیانی و ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٤ی ڕەشەممە کەوتنەوە بەر بوومەلەرزەیەکی دیکە و لە ئاکامدا لەو زستانە سارد و پڕ لە بەفرەدا بە هەزاران ماڵ و شوێنی ژیانیان وێران و زیاتر لە ١٠٠ کەسیان بریندار بوون و لە بەشی تورکیەش ٩ کەسیان گیانیان لەدەست دا. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە برینێکی قووڵە لە جەستەی کوردستانی بریندار و بوو بەهۆی خەم و پەژارەی هەمووان.

ئێستا ئەو بنەماڵە لێقەوماوانە چاوەڕوانن هەموو چەشنە یارمەتییەکیان لە هاونیشتمانیان پێ بگات؛ بۆ ئەوەی لەم وەرزە سارد و سەرمایەدا تووشی لێقەومانی زیاتر نەبن، چوونکە گومانی تێدا نییە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هیچ یارمەتییەکیان پێ ناگات. ئێمەش لەم ڕووداوە بەداخین، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گیان لە دەستداوەکان دەکەین و هیواداریـن بریندارەکان زووتر چاک ببنەوە.



**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» لە «باڤڵ تاڵەبانی»

«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی هەڵبژاردنی «باڤڵ تاڵەبانی» وەک هاوسەرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پیرۆزبایی لە ناوبراو کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز کاک باڤڵ تاڵەبانی

هاوسەرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

وێڕای سڵاوێکی گەرم،

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان بە هاوسەرۆکیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن خۆم و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم لە ڕێگای ئەم بەرپرسایەتییە گرینگەی کە کەوتووەتە سەر شانتان یارمەتیدەر و شوێندانەر بن لە بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد و ئاشتی و یەکڕیزی لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

هەروەها چاوەڕوانین کە پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەم قۆناغە نوێیەشدا بە سەرکردایەتیی بەڕێزتان لە کەشێکی دۆستانەدا بەرەوپێش بچێت.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» لە «لاهوور شێخ جەنگی»

«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی هەڵبژاردنی «لاهوور شێخ جەنگی» وەک هاوسەرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پیرۆزبایی لە ناوبراو کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز کاک لاهوور شێخ جەنگی

هاوسەرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

وێڕای سڵاوێکی گەرم، بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان بە هاوسەرۆکیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن خۆم و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم لە ڕێگای ئەم بەرپرسایەتییە گرینگەی کە کەوتووەتە سەر شانتان یارمەتیدەر و شوێندانەر بن لە بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد و ئاشتی و یەکڕیزی لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستاندا. هەروەها چاوەڕوانین کە پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەم قۆناغە نوێیەشدا بە سەرکردایەتیی بەڕێزتان لە کەشێکی دۆستانەدا بەرەوپێش بچێت.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» لە «مەسعوود تەک»

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی هەڵبژاردنی «مەسعوود تەک» وەک سکرتێری نوێی گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستان، پیرۆزبایی لە ناوبراو کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

زۆر بەڕێز و تێکۆشەر کاک «مەسعوود تەک»، سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان

وێڕای سڵاو و ڕێز

ئاگادار کراینەوە کە کۆنگرەی دواییتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هاتووە و بەڕێزتان جارێکی دیکە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیست هەڵبژێردراونەتەوە.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە بەڕێزتان و هەموو ئەندامانی ڕێبەرایەتیی تازە هەڵبژێردراو و بەگشتی حیزبی سوسیالیست دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

دڵنیاشین کە برایەتی و پێوەندیی دۆستانەی دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی سوسیالیستی کوردستان هەروا بەردەوام دەبێت.

بە سپاسەوە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٥ی مارسی ٢٠٢٠ی زایینی**

# سپاس و پێزانینی دەزگای ڕێکخستن لە خەڵکی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی شۆڕش و ڕاسانی ئەمجارەتان پێشکەش!

بە پێویستی دەزانین سپاس لە زەحمەت و ماندووبوونتان بکەین لە کاری تەبلیغیی بەردەوام و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەتان لەمەڕ بایکۆتی یازدەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیم و پاشانیش لە هەڵوێستیکی لێبڕاوانەدا بە نەچوونتان بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان نیشانتان دا کە پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات قۆناغێکی دیکەی لە سەرکەوتن بڕیوە و ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیمتان دوای ٤٠ ساڵ لە چەواشەکاری و ناڕاستی وەک خۆی ناسیوە.

ئەو هەڵوێستە بەجێیەی ناوەندی هاوکاری بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە بوو بە مایەی خۆشحاڵیی سەرجەم خەڵکی کوردستان.

نە بەناو نوێنەرانی خولەکانی پێشوو توانیویانە یەکێک لە هەزاران گرفت و ماڵوێرانیی خەڵکی کوردستان کەم بکەنەوە، نە ئەو بەناو نوێنەرانەش دەتوانن تۆزقاڵێک لە خەم و ئازارو سەرکوتەکانی سەر ئێوە لادەن.

ئێوە بەو هەڵوێستەتان نیشانتان دا، ڕێژیمێک کە کاری سەرکوت، گرتن، ئێعدام و ماڵویرانکردنە، تەنیا وڵامی شیاو، بایکۆتی یەکدەنگ و جوابی دروستی ئێوە بوو.

هەر وەک ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو لە وتەکانیدا دەڵێت: «ڕێگای سێیەممان نییە، یان لەگەڵ خەڵکی یان دژی خەڵک».

**سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم ئێوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# تێکۆشەرێکی دێموکرات ماڵاوایی لە ژیان کرد



پێشمەرگەیەکی دەروەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش نێزیک بە ٣ دەیە خەبات و تێکۆشانی بێ پسانەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد و سەنگەری خەباتی بۆ هاوخەباتانی بەجێهێشت.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٦ی ڕەشەمە، هاوڕێی تێکۆشەر، کاک «حوسێن ستەمدیدە»، پێشمەرگەی دەروەست و دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش چەند ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی، سەرەنجام کۆچی دوایی کرد.

هاوڕێی شەهید، «حوسێن ستەمدیدە»، کوڕی عەلی، لەدایکبووی ساڵی ١٣٤٣ لە شاری سەقز بوو.

ناوبراو پلەکانی خوێندنی تا ٢ی دواناوەندی بەسەرکەوتوویەوە تەواو کرد و پاش هەست کردن بە زوڵم و زۆری داگیرکەر و بینینی چەوساوەیی گەلەکەی لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاویدا پەیوەست بە ڕیزەکانی خەباتی پێشمەرگانە لە حیزبی دێموکراتدا بوو و چەکی بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەی لە شان کرد.

«کاک حوسێن»، لە ماوەی تەمەنی پڕ لە شانازی پێشمەرگانەیدا کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتیی گرینگی وە ئەستۆ گرت و بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ڕاپەڕاند.

ئەو ئەرک و کارانەی کە «هاوڕێ حوسێن»، بە شانازییەوە تێیپەڕاند بریتی بوون لە: ساڵی ٧٤ تا ٧٦ ی هەتاوی وەک پێشمەرگە لە مەڵبەندی ٢ کاری کردووە؛

ساڵی ٧٦ لەسەر داوای کۆمیسیۆنی ماڵی وەک شۆفێر کاری پێ ئەسپێردراوە و تا پاییزی ٧٧ لەوێ کاری کردووە؛

ساڵی ٧٧ وەک شۆفێری کۆمیسیۆنی ڕادیۆ کاری کردووە؛

بەهاری ٧٩ وەک مەئموورییەتی خەدەمات بۆ ماوەی ٦ مانگ چووەتە نەخۆشخانەی حیزب؛

زستانی ٧٧ دەورەی سەرەتایی سیاسی بینیوە؛

زستانی ٧٩ لە ناوەندی ١ کاروباری پێئەسپێردراوی ڕاپەڕاندووە؛ ساڵی ٨٠ وەک جێگری دەستە دیاری کراوە و تا بەهاری ساڵی ٨١ لەم ئەرکەیدا بەردەوام بووە؛

بەهاری ٨١ لە سەر داوای کۆمیسیۆنی ڕادیۆ نەقڵی ئەوێ کراوەتەوە.

«کاک حوسێن»، هاوینی ساڵی ٨١ پلەی تەشکیلاتیی دەرەجە ٤ی پێدراوە و تا ئەو چرکەیەی کە گیانی لەدەست دا وەک پێشمەرگەیەکی دەروەست و دڵسۆز و کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی خزمەتی بە گەل و نەتەوەکەی کرد و ڕێبازی شەهیدان و گیانبازان ڕێبازی بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو و هەموو هاوسەنگەرانی دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# سەنگەرەکانی خەبات ئاوەدانتر دەبێت



دەورەیەکی دیکەی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات و پۆلێک کیژ و کوڕی خەباتگێڕ پەیوەست بە سەنگەرەکانی خۆڕاگرییەوە بوون. ڕۆژی هەینی، ٩ی ڕەشەمە، دەورەی ٢٤١ی سەرەتایی پێشمەرگە، کە لەلایەن فێرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بەڕێوە چوو، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک لە شاخەکانی کوردستان سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

ئەو ڕێوڕەسمە، سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»، لەلایەن بەشداربووانی دەورە و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی، کادر و پێشمەرگەکان بەڕێوە چوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا «بەهمەن دێهقان»، فەرماندەی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٤١ی سەرەتایی پێشمەرگە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاشان پەخشانێک لەژێر ناوی «من کێم»، لەلایەن «مەهناز»، بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەدا ڕاپۆرتی پەروەردەی فێرگە، لەلایەن مامۆستای فێرگە، «خەلیل میلانی»ـەوە خوێندرایەوە.

دواتر شێعرێک لەژێر ناوی «کورد و نەیار» لەلایەن «ژیوان»، بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا. پەیامی دەورەی ٢٤١ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن «دانا»، بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.

دوای خوێندنەوەی پەیامی دەورە، بەشداربووانی دەورەکە سروودێکیان لەژێر ناوی «پێشمەرگە» پێشکەش کرد.

وەکوو نەریتی هەموو دەورەیەک، ٣ کەسی یەکەم لە بواری تاقیکارییە نیزامی و سیاسییەکانەوە و ٣ کەسی یەکەم لە بواری نەزم و دیسیپلینەوە، خەڵات کران. ئەو خەڵاتانە لەلایەن «بەهمەن دێهقان» و هەروەها «بوداغ بوداغی» پێشکەش بە سەرکەوتووانی دەورە لەو دوو بەشەدا کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی گۆرانییەک لەلایەن بەشداربوویەکی دەورە بەناوی «سەعدی» و خوێندنەوەی شێعرێک لەژێر ناوی «نەورۆز و ئاگر» کە لەلایەن «ئیحسان ڕەستگار» پێشمەرگەی هێزی ١٢٢ی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشکەش کران، کۆتایی پێهات.

# ناوەندی هاوکاری بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگیی پێشمەرگانە کۆ بوویەوە



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ هاوکاریی پێشمەرگانە لە بوارەکانی چالاکی لە کوردستان کۆ بوویەوە و بڕیاری پێویستیان لەم بوارە دا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پرسی هاوکاری و هاوئاهەنگیی پێشمەرگانە لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد.

ئەو کۆ بوونەوەیە بە مەبەستی هەڵگرتنی هەنگاوە کردەییەکانی هاوئاهەنگیی پێشمەرگانە لە بوارەکانی چالاکی لە کوردستان و پێکەوەبوونی هێزەکان بووە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەدا جەختی کردەوە کە ئەمڕۆ ئەم هاوئاهەنگییە لەم بوارەدا ئەرکی پشتگیریی بزووتنەوەی کوردستانە و لە داهاتوودا بەردێکی بناغەی هێزێکی هاوبەشی کوردستان دەبێ.

# شاندێکی حیزبی یەکیەتیی کوردستانی سوریە سەردانی حیزبی دیمۆکراتی کرد

ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی شاندێکی حیزبی یەکیەتیی کوردستانی سووریە بە سەرپەروستیی «سلێمان عەبدولمەجید ئەوسو» سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتیی سەردانی بنکەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبی دیمۆکرات بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا. لە دیدارەکە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ناوچەکە هاتنە بەرباس و ڕەوشی هەر دوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. لە دیدارەکە شاندی میوان باسیان لەسەر هەڵوێستی سیاسی و دیدی خۆیان سەبارەت بە ڕەوشی کوردستانی ڕۆژئاوا، هەوڵەکانی چارەسەری کێشەکانی سووریە و پرسی کوردیان لە دیدارەکانی سوچی و ژنێڤ بۆ شاندی حیزب ڕوون کردەوە. پاشان لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات باسێکی لەسەر باردۆخی ئێران و کوردستان و هەوڵەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاستای یەکڕیزی و یەکگوتاری و هەروەها سەرکەوتنی بایکۆت لە دوایین شانۆی بە ناو هەڵبژاردنی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بۆ شاندی میوان بە وردی باس کرد.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

زمان، سەرەکیترین ئامرازی پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی پێکهێنەری کەسایەتی و شوناسی مرۆڤە و ئاخاوتن و فێربوون بە زمانی دایکی یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی هەر تاکێك لە کۆمەڵگای مرۆییدایە. لە بواری سیاسیشەوە زمان، یەکێک لە بناغەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و گەورەترین سەرمایەی کولتووری و پردی پێوەندیی نێوان تاکەکانی هەر نەتەوەیەك و هێڵی جیاکەرەوەی لە نەتەوەکانی دیکەیە.

ئێران وڵاتێکی فرەکولتوور و فرەنەتەوەیە کە هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە خاوەنی زمان و شوناسی جیاوازی خۆیانن. بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، ئاخێوەرانی هەر زمانێک مافی خۆیانە کە بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و کولتوور و زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن. ئەو مافە لە زۆربەی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی وەك بڵاوکراوەی زمانی دایکی، ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی زمان، خاڵەکانی ٣ و ٤ی ڕاگەیەندراوی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، گەلان، کەمایەتییە زمانی و مەزهەبییەکان، مادەی ٣٠ی کۆنڤانسیونی مافی منداڵ و مادەی ٢٧ی ڕێککەوتنامەی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە. لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: «هەموو مرۆڤێك لەو کاتەوە کە لە دایك دەبێ مافی ئەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بیر بکاتەوە و پەروەردە ببێت». بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، خوێندن بە زمانی دایکی یارمەتیدەری منداڵ بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر لە وانەکانی خوێندن و ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە. منداڵێك کە پەروەردەی بە زمانی دایکیی خۆی بێت، خێراتر بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێ، زیاتر هەست بە کەسایەتی و کەرامەتی خۆی دەکا و متمانەی زیاتری بە خۆی هەیە، شانازی بە خۆیەوە دەکا کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەیە، دەرفەتی لەبارتری بۆ گەشەی هزری و پێشکەوتن دەبێ و تەنانەت خێراتریش فێری زمانی دیکە دەبێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر منداڵ بە زمانی دایکی نەخوێنێ، لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ڕووبەڕوویە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی نامۆیە و کاتی زیاتری دەوێ تا گوێی بە بیستنی دەنگەکانەوە خوو بگرێت، مێشکی بۆ وەرگرتن و زمانی بۆ وتن ئامادە بکات و دەستەکانی بۆ نووسین ڕابێنێ. سەرەڕای ئەم هەموو کۆششە تێگەیشتن لە وانەکان بۆی دژوار دەبێ، بیری پرش و بڵاوە و کاتی زۆری بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن پێویستە. دەبێ لە مێشکی خۆیدا وشەکان وەرگێڕێ و ڕستەکان دروست بکات. لە کاتی تێنەگەیشتندا هەست بە لاوازی و سەرشۆڕی دەکا، زۆربەی کات دوو دڵە. منداڵێک کە بە سەر زمانی دایکیی خۆیدا زاڵ نەبێ، لە فێر بوونی زمانێکی دیکەشدا پێشکەوتنی ئەستەم دەبێت.

بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە و لە یەك سەدەی ڕابردوودا حکوومەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و سەرکوت و لەنێوبردنی زمانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی بەڕێوە بردووە. لەوانە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا، قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕەوتی کاری خوێندنگا و ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی ئەو زمانانە لە کاری ڕۆژانەی خەڵکدا، بەرتەسککردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بە زمانی گەلانی ژێردەست و تێکدانی شێوەزارەکانیان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی نەگونجاوی وشەکانی زمانی نەتەوەی باڵادەستەوە، قەدەغەکردنی قسەکردن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی دایکی، سووکایەتی بە زمانی گەلانی دیکە و پروپاگەندەی لەو چەشنە کە گوایە زمانی دایکیی ئەوان لە ڕووی زانستییەوە لاوازە و وەڵامدەری داهاتووی پێشەییان نییە، هێنانی پەروەردەی ئایینی لە باتی پەروەردەی نەتەوەیی لە قوتابخانەکان، تەرخانکردنی بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بۆ زمانی فارسی و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەو زمانە لە ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکاندا، دروستکردنی هەموو بەرنامەکانی منداڵان بە زمانی فارسی بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە منداڵییەوە بە زمانی فارسی خوو بگرن و بەم دواییانەش گەڵاڵەی ڕووخێنەری «بەسەندەگیی زمانی فارسی» بۆ ئەو منداڵانەی کە دیانەوێ بچنە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، کۆمەڵێك لەو سیاسەتانەن کە بۆ بەرتەسککردنەوە و لاوازکردن و لەنێوبردنی زمانی دایکیی گەلانی بندەست و بۆ وەدەرنانیان لە مەیدانی ڕکەبەرایەتیی زمانی فارسی لە پێش گیراون. لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین زمانی فارسییە و هەموو بەڵگە و نووسراوە فەرمییەکان و پەرتووکی وانەکان دەبێ بە زمانی فارسی بێت، بەڵام کەڵك وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکانی دیکەی لە بڵاڤۆك و میدیاکان و وتنەوەی وانەی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە بە پێچەوانەی تەبلیغاتی درۆیینی ڕێژیم، دەبێ بڵێین ئەو ئەسڵە هیچ پێوەندییەکی بە مافی خوێندن بە زمانی دایکییەوە نیە و تەنیا باس لە فێربوونی زمانی دایکی وەکوو وانەیەک لە تەنیشت وانەکانی دیکەدا دەکات نەک ئەوەی کە زمانی دایکی ببێتە زمانی وانەگوتنەوە. هەڵبەت تەنانەت حکوومەتیش لەو پێوەندییەدا ئەرکدار نەکراوە و تەنیا باس لە ئازادبوونی زمانی دایکی کراوە. بەڵام لە کردەوەدا ڕێژیمی ئێران تا ئیستا نەك هەر پشتیوانیی لە ئازادیی فێربوونی زمانی دایکیش نەکردووە، بەڵکوو باسکردن لە زمانی دایکی وەکوو هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، پرۆپاگەندە دژی نیزام و پارچەپارچەکردنی وڵات چاوی لێ کراوە و سزای قورسی بە سەر چالاکانی ئەو بوارەدا سەپاندووە. لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ فریودانی خەڵك و گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن باسی لە دانی هێندێك وردە ماف بە نەتەوەکانی ئێران، بۆ نموونە باس لە جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکەن کە چی دواتر وەك هەموو بەڵێنییەکانی دیکەیان، ئەوەش بە ناڕاست دەردەچێت. کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا تەنانەت لەو پرسە گرینگەش بۆ نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی یەکڕیزیی گەلی کورد کەڵک وەردەگرێت و هەوڵ دەدا ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە گژ یەکتردا بدات. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی خێرای بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەی کوردستانی ئێران و خوێندن بە زمانی دایکی وەکوو مافێکی سروشتیی و پێویستییەکی سەرەتایی ژیانی تاک و گەلی کورد، داوا لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەکات بۆ پاراستنی زمانی دایکی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شوناسی خۆیان، هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و زیاتر لە ڕابردوو شانبەشانی یەکتر بەرەنگاری پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم بۆ لەنێوبردنی زمانی دایکی و شوناسی نەتەوەیی خۆیان ببنەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەنیسبەت بومەلەرزەی ناوچەی «کوتۆل» و دەوروبەری

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!
هاونیشتمانییانی مافخوراوی دەڤەری کوتۆل!

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرانبەر لەگەڵ ٢٣ی فێڤرییەی ٢٠٢٠ زایینی، ٢ بومەلەرزە بە گوڕی ٥.٩ پلەی ڕیشتەر، کە یەکەمیان لە کاتژمێر نۆ و پەنجا و سێ خولەکی سەرلەبەیانی و دووهەمیان حەوت و نیوی ئێوارە، شاری کۆتۆلی سەر بە پارێزگای ورمێی هەژاند و بەداخەوە سەرەڕای خەساری زۆری ماڵی، هاونیشتمانییەکی زۆر لەو ناوچەیە بریندار بوون.

ئەو بومەلەرزەیە هاوکات لەگەڵ زیانەکانی لەو ناوچەیە کە ٣٢ گوند و ٤ هەزار بنەماڵە لەخۆ دەگرێت، ناوچەی «باشکالان»ـی سەر بە پارێزگای «وان»ـی کوردستانی باکووری هەژاندووە و بەداخەوە سەرەڕای خەساری زۆری ماڵی، ٩ کەس گیانیان لەدەست داوە و نزیک بە ٨٥ کەسی دیکە بریندار بوون. ئەوەی کە جێگەی داخ و دڵگرانییە ئەوەیە کە ئەو کارەساتە مرۆییە لە سەرمای زستان و لە بەفر و تەڕ و تووشیدا لەو ناوچەیەی داوە و زۆرێک لە خانوو و ئاوەدانییەکانی ئەو دەڤەرەی دارماندووە و هاوکات ڕێژەیەکی زۆر مەڕ و ماڵاتی خەڵکی ناوچەکە لەنێوچوونە و دەڤەرەکە پێویستی بە فریاکەوتن و بەهاناچوونی بەپەلە هەیە.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٤ کاتژمێر بەسەر بومەلەرزەی یەکەم لە ناوچەی کوتۆل، خەڵکەکە پێویستیی بە خێوەت و کەلوپەلی گەرمکەرەوە و خواردن هەیە، بەڵام هیچ هاوکاری و فریاکەوتنێک لەلایەن دامودەزگاکانی ڕێژیمەوە نەگەیشتووەتە دەستی خەڵکەکە و ژیان و گوزەرانیان ئەستەمتریش بووە. دیارە ئەوە بەهاناوەنەچوون و کەمترخەمییە لە کۆماری ئیسلامیی ستەمکار چاوەڕوانکراوە، چوونکە مێژووی دوور و نزیک لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لە دوای بومەلەرزە وێرانکەرەکانی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی لە ناوچەی سەرپێڵ زەهاو لە کرماشان کە تێیدا نزیک بە ٨٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا و هەروەها بومەلەرزەی شاری «بەم» لە بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی کە تێیدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا، ڕێژیمی ئیسلامی لەبەر پشتیوانی و هاوکاریی هەمەلایەنەی حیزبوڵڵاکان و گرووپە توندئاژۆکانی وڵاتانی ناوچە، نەتەنیا بەهانای خەڵکی خۆیەوە نەچووە، تەنانەت دەستی بەسەر هاوکاریی خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا گرت و خزێندرانە گیرفان بەرپرسانی ئەو سیستەمە گەندەڵە لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەداخبوونی خۆمان لەو کارەساتە سروشتییەی ناوچەی کوتۆل و کوردستانی باکوور ڕادەگەیەنین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی ئەو کارەساتە دەخوازین و داوامان وایە کە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کوتۆل و دەوروبەری لە هاوکاری و بەهاناوەچوونیان بێبەش نەکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری لە ئاستی بەرپرسانی باڵا بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ئاستی بەرپرسانی باڵا بەڕێوەچوو وێڕای ئەوەیکە سپاسی خەڵکی کوردستان کرا کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد لەبارەی چالاکییەکان لە ناوخۆی وڵات گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمە کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بنکەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکان پێک هات.

بابەتە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە باسێکی کورت لە سەر دۆخی سیاسیی ئێران و ئاکامی بە ناو هەڵبژاردنەکانی خولی ١١ـهەمی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بو.

لەم پێوەندییەدا کۆبوونەوە لە سەر بەجێبوونی سیاسەتی ناوەند و تەحریمی ئەو بە ناوهەڵبژاردنە، هەڵویستی نەتەوەیی نیشتمانیی گەلی کورد و گەلانی ئێران، هەموو چین و توێژەکان و پێشوازیکردنیان لە بانگەوازی تەحریم دەستخۆشی کرد.

پاشان لەو کۆبوونەوەیەدا بەنیسبەت کار و چالاکییەکانی ناوخۆ و گرینگیدان بە خەباتی سیاسی، مەدەنی، جەماوەری و هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات قسە کرا. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەدا باس لە گرینگیدان بە پێوەندییەکانی ناوەندی هاوکاری لە ئاستی نێونەتەوەیی، ئێرانی و کوردستانی و میکانیزمی پێکەوە کارکردن کرا.

# ناوەندی هاوکاری سپاسنامەیەکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان و ئێران بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت بەشداری نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکان و بایکۆتکردنی، سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژی شەممە، ٣ی ڕەشەمە بە بڵاوکردنەوەی سپاسنامەیەک ڕوو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران سپاسی هەڵویستی بوێرانە و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی بەنیسبەت بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان و شکست پێهێنانی ڕێژیمی ئێران بڵاو کردەوە.

لە بەشێک لەو سپاسنامەیەدا هاتووە: «حیزب و لایەنە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان جارێکی دیکە، هەڵوێست و ئازایەتیتان لەهەمبەر پیلان و شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەیەکی حەماسی و پڕشکۆی لە پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستیی خەباتگێڕانە خولقاند و بە دنیای سەلماند کە هەیمەنە و سامی خەفەقانی ڕێژیم شکاوە و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو جارێک لە بەدەستهێنانی ڕەوایی و پێگەی سیاسی و جەماوەریدا تووشی شکست و داڕمان بووە».

ناوەندی هاوکاری هەروەها لەو سپاسنامەیەدا، هەڵوێستی ئازایانە و ڕەوای ئەمجارەی خەڵکی بە درێژە و تەواوکەری قۆناخەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕابردوو، بەتایبەتی ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی خەزەڵوەر و بەفرانباری ئەمساڵ زانی کە ڕێژیمی تووشی داڕمان و لەرزۆکی کرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژی یەکشەممە، ٤ی بەفرانبار، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێرانی بایکۆت کرد و داوای لە خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێران کرد کە لە شانۆی هەڵبژاردنە درۆیینەکانی ڕێژیمی ئێراندا بەشداری نەکەن و ئەو ڕێژیمە لەقاو بدەن.

خەڵک لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەممە، واتا ڕۆژی هەڵبژاردن بە نەچوونیان بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان سەلماندیان کە ڕێژیم ڕەواییەتی نەماوە و دەنگ بە بەردەوامیی ئەو سیستەمە نادەن.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا




دوابەدوای سەرهەڵدانی نەخۆشیی کۆرۆنا و مەترسییەکانی بۆ سەر تەندروستیی تاک و کۆمەڵگاکان، یەکێک لەو بابەتانەی کە سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچە و جیهاندا تاقە حکوومەتێک بووە کە بەبێ گوێدانە مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییە بۆ سەر ژیانی خەڵک، ئامادە نەبوو سنووری ئاسمانیی خۆی بەسەر وڵاتی چین وەکوو سەرچاوەی سەرەکیی ئەو نەخۆشییە و فڕۆکەکانی ئەو وڵاتەدا دابخات. هەر ئەو سیاسەتە نابەرپرسیارانەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا ئێران لە دوای چین ببێتە دووەمین وڵات لە ڕووی تووشبوان و قوربانییانی کۆرۆناوە. لە ئاکامی ئەو سیاسەتە دژەمرۆییەدا هەنووکە کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ هەڕەشەی کارەساتێکی مرۆیی بەربڵاو بەرەوڕوو بووە و ژیانی ئاسایی خەڵک نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە ناوچەکەشدا تێک چووە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا وەکوو مەترسییەکی گەورەتر لە کۆرۆنا بووەتە مایەی نیگەرانیی خەڵک، کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەساتە لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوەیە. بەپێی هەواڵێک کە لە نێوخۆی وڵاتەوە پێمان گەیشتووە، گرتووخانەکانی ئێران بە شێوەکەی تایبەت لەگەڵ دۆخێکی یەکجار خراپ و کارەساتبار بەرەوڕوون و زیندانییان، بەتایبەتی زیندانییانی سیاسی کە مێژوو سەلماندوویە ژیان و تەندروستییان بۆ کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێکی نییە، لەژێر هەڕەشەیەکی جیددی و کارەساتێکی گەورەدان و پێویستیان بە فریاکەوتن و بەدەنگەوەهاتنی خێرا و کوتوپڕە. ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە خەڵکی کوردستان و ئێران دەکەین، ئێستا کە ڕێژیم وەک باوەڕ و نەریتی هەمیشەیی خۆی هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ و ژیانی تاکەکان دانانێت و ئەرکی خۆی وەکوو حکوومەتێکی ئاسایی بەرپرسیار بەرانبەر بە هاوڵاتییانی بەڕێوە نابات، بە هەوڵی هەمەلایەنە و پاراستنی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن، یارمەتیی یەکتر بدەن بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو مەترسییەدا. هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بە هانای زیندانییانی سیاسییەوە بێن و گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران. بە پێویستی دەزانین وەبیرتان بێنینەوە کە کاتێکی زۆر لە بەردەستدا نییە و هەرجۆرە دواخستن و کات کوشتنێک دەتوانێت لە سەعاتی سیفری کارەساتێکی مرۆیی نزیکترمان بکاتەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

## درێژەی پەیڤ

بەدوادا دەبێ و ژیانی خەڵکیش زۆرتر دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم کاتەدا کە ژیانی کۆمەڵگا تووشی هەژانێکی قورس بووە و کرۆنا هەڕستی لە کۆمەڵگا بڕیوە، هەر سیستمێکی دیکە، تەنانەت سیستمی دیکتاتۆریی وەکوو چین، لە فیکری دەربازکردنی کۆمەڵگادا دەبێ و هەموو ئیمکاناتەکەی بۆ پاراستنی گیانی کۆمەڵگا تەرخان دەکا، تاکوو بەڵای نەخۆشییەکە لە کوڵ ببێتەوە بەڵام ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، لە هیچ سیستمێکی دیکتاتۆریی دیکە ناچێ و لەوپەڕی ماڵوێرانیی خەڵکدا، بەردەوامە لەسەر وێرانکارییەکانی و ئەوەندەی دیکە داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو نەهامەتی دەبا.

لە وڵاتانی دیکە ڕەنگە کرۆنا ژیانی خەڵك وەمەترسی بخا و دوایە بە بەرەوڕووبوونەوەی هەمەلایەنە نەخۆشییەکە دەرباز بکەن و بگەنە قۆناخی ئاسوودەیی بەڵام لە ئێراندا دوای تێپەڕینی کرۆنا، ئاسوودەییەك نابێ و لەئێستەوە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی خەریکە ڕۆژان و مانگەکانی دوای تێپەڕینی کرۆناش وێران دەکا.

سەرچاوەی نەهامەتیی کۆمەڵگای ئێران ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی حاکمە و تەنیا بە دژە گەندڵیدان لەم ڕێژیمە و سووتاندنی کەلاکی ڕێژیم، خەڵکانی ئێران دەتوانن بە ئاسوودەیی بگەن.

# سەمپۆزیۆمی چەواشە



**کەیوان دروودی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە زانستگەی کوردستانی سنە سەمپۆزیۆمی گرینگیی زمانی دایکی بەڕێوە چوو. هاوکات کاناڵی سەحەریش کە کاناڵێکی ئاسمانییە بە جۆش و خرۆشێکی تایبەتەوە ئەم کۆڕەی ڕوومال کرد. لە نێوئاخنی گوتاری ناسیۆنالیستی – قەومیی ئێراندا باسی فرەڕەنگیی دانیشتووانی جوغرافیای ئێران ڕەهەندێکی یەکجار گرینگی هەیە و ڕێژیمی ئیسلامیش کە هەڵقوڵاوی هەمان ئایدیۆلۆژییە، لەپێناو دەرخستنی سیمایەکی گونجاو لە پەیوەندی بەم ڕیشە ئایدیۆلۆژیکەوە، هەنگاوی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ. بەلای هەر تاکێکی خاوەن بیر و تێگەیشتن، ڕوونە کە ئەگەر بەراستی زمانی دایکی گرینگە و پاراستنی ئەرکێکی ئەخلاقی و بەهادارە، پێویستە ئەم زمانە لە ڕێگەی وتنەوەی بپارێزرێ و گرینگیی پێ بدرێ؛ بەڵام وەک دەبینین بەجێی هەڵگرتنی هەنگاوێکی ئاوا کە هەم پێویست و هەم سانایە، سەمپۆزیۆم و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕوومالی بەربڵاوی میدیایی ئەنجام دەدرێ. لەوانەیە هەندێک ڕەوتی تایبەت ئەم بابەتە بۆ دەستئاوەڵایی و دڵئاوەڵایی ڕێژیم بگەڕێننەوە و باس لەوە بکەن کە دەسەڵات دەتوانێ ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەش بەڕێوە نەبات. لە ڕاستیدا ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیم دەتوانێ خۆ لە هەڵگرتنی ئەو هەنگاوەش ببوێرێ، بەڵام زۆر ڕێوشوێنیتر هەن کە هاوشێوەی ئەم هەنگاوە دەگیردرێنەبەر، لە حاڵێکدا ئەگەریش نەبن و جێبەجێ نەکرێن، کارەساتێکی ئەوتۆ ڕوو نادات. بۆ نموونە ئەو هەڵبژاردنانەی کە ڕێژیم بەوپەڕی تێچوو و گرینگیپێدانەوە بەڕێوەی دەبات، ئەگەر هەر نەشکرێ و وەلابنرێ شۆڕشێ ڕوو نادات و ڕێژیم بە خۆبواردن لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، نارووخێ بەڵام وەک دەزانین لەگەڵ ئەوەیکە چەندین جار لە ڕەوتی جێبەجێکردنیدا بەرەوڕووی قەیران بووەتەوە، دیسان دەستهەڵگری نابێ. یان دانانی کاناڵی تیلێڤیزیۆنی پارێزگاکان بەو هەموو تێچووەوە ئەگەر هەر ئەمرۆ وەشانیان بوەستێندرێ، کارەساتێک ڕوو نادا، بەڵام سەرەڕای قەیرانی سەرتاپاگری ئابووری، سوورە لەسەر وەشانی ئەم کاناڵانە. هەموو ئەم هەنگاوانە کە هەڵدەگیردرێن یان ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیردرێنەبەر، لەپێناو پڕکردنەوە یان کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە سیستمی تۆتالیتێر لەتەک کۆمەڵگە هەیەتی؛ واتە، ئەم هەنگاوانە ئەگەرچی لە ڕەهەندێکەوە، باری سلبیی نییە، بەڵام لە گشتایەتیی خۆیدا دەچێتەوە سەر هەمان گرێ. ئەگەر سەیری ڕێژیمی پێشوو بکەین و چاوێ بە کاروکردەوە هاوشێوەکانیدا بخشێنین، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕەگەکانی ئەم جۆرە هەنگاوهەڵێنانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دۆزینەوەی نەوت و گۆڕانکارییەکانی دەرهاویشتەی مودێرنیتە و تێکدان و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە لە ئێران و بەتایبەت لەنێو نەتەوە بندەستەکاندا. بۆ نموونە چێکردنی ڕێگەوبان لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە ئەگەرچی هاتوچۆی ساناتر کرد، بەڵام ئەم ڕێگاوبانانە بوون بە شادەماری پەیکەری فاشیزمی پەهلەوی و لەم ڕێگەوە کۆنترۆڵی زیاتر لە جاران خرایە سەر ناوچە دوورەدەستەکان و ئەو شوێنانەی شیمانەی سەرهەڵدانیان بۆ دەکرا. کەوایە جادە و ڕێگاوبان پێش لەوەی بچنە خانەی بەرژەوەندیی گشتی، کەوتنە خزمەت دەزگای دەربار و زاڵییەتی و خۆسەپاندنی ژاندارمەکان. بە مودێرنیتەی ڕەزاشایی کە لاساییکردنەوەیەکی دواکەوتووانە و بێ لێکدانەوە بۆ مودێرنیتەی ڕۆژاوایی بوو، پەیوەندیی تاک و دەسەڵات لەنێو جوغرافیای ئێراندا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەخۆوە بینی تا ڕادەیەک کە تەونی کۆمەڵایەتی تێک درا و سەرلەنوێ بونیاد نرایەوە. ئەم گۆڕانکارییە وای کرد کە کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵات دەستەوەستانتر و پێملتر لە هەموو بڕگە مێژووییەکانیتر بێ. لەم قۆناغەدا بوو کە سەرچاوەکانی داهاتی دەسەڵات لە ماڵیات و بازرگانیی وردەوە بۆ نەوت گۆڕدرا و ئەم سامانە گشتییە کەوتە بەردەست دەسەڵاتێک کە لە بەرامبەر یاسا و خەڵکدا بەهیچ جۆرێ وەڵامدەر نەبوو. ئەم داهاتە بۆ ڕێژیمی شا دەسکەوتێکی یەکجار سەرسوڕهێنەر بوو و هەر زوو لە پێناو پتەوکردنەوەی ڕەگەکانی دەسەڵات بەکار هێنرا. دەزگایەکی پان و بەرینی برۆکراسی کە بە تەواوی لە خزمەت دەرباردا بوو، سیستمێکی پەروەردەی ناتەندروست بۆ خزمەتکردنی بە ئایدیای فاشیستیی سەڵتەنەتی و دامەزراندنی بنکە و بارەگای ژاندارم بۆ کۆنترۆڵی هەموو کۆمەڵگا و چێکردنی ڕێگەوبان بۆ هاتوچۆی خێرای ئەو هێزانەی دەسەڵاتی پاشایان دەپاراست. گەشەسەندن لێرەدا بە بەرگێکی ئوروپایی و بە جەوهەرێکی سەرەڕۆییانەوە کەوتە کەوڵی خەڵک و بەرژەوەندی گشتی؛ وەک گەورە لێکۆڵەری بواری فەلسەفە و مێژووی کۆمەڵایەتی، هۆما کاتووزیان باسی لێوە دەکات. کاتووزیان لە شوێنێکدا دەڵێ: «ئاخۆ دەکرێ گەشەی لەپڕ و ڕوو لە هەڵکشان لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، کەلوپەلی ناوماڵ و سەفەری دەرەوە، خزمەتگوزاریی ڕێستورانەکان و قومارخانەکان، هەڵچنینی ماڵی وەک کۆشک و هاوشێوەی ئەمانە لە ڕێگەی کەمینەیەکی دەستەبژێر و تێچووی سەرسوڕهێنەری نیزامی و لەناوبردنی سەرمایەی وڵات لە بەڕێوەبردنی دانانی تاجی پاوشایەتی لە جێژنێکی گاڵتەجاڕی ١٣٤٦ ساڵ پاوشایەتی و ڕابواردنە ساڵانەکان لە شیراز کە جیا لە لەنێوبردنی سەرمایە، ژیانی خەڵکی تووشی بشێوی دەکرد، بە گەشەی ئابووری ناو ببەین؟»

**«ئاخۆ دەکرێ گەشەی لەپڕ و ڕوو لە هەڵکشان لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، کەلوپەلی ناوماڵ و سەفەری دەرەوە، خزمەتگوزاریی ڕێستورانەکان و قومارخانەکان، هەڵچنینی ماڵی وەک کۆشک و هاوشێوەی ئەمانە لە ڕێگەی کەمینەیەکی دەستەبژێر و تێچووی سەرسوڕهێنەری نیزامی و لەناوبردنی سەرمایەی وڵات لە بەڕێوەبردنی دانانی تاجی پاوشایەتی لە جێژنێکی گاڵتەجاڕی ١٣٤٦ ساڵ پاوشایەتی و ڕابواردنە ساڵانەکان لە شیراز کە جیا لە لەنێوبردنی سەرمایە، ژیانی خەڵکی تووشی بشێوی دەکرد، بە گەشەی ئابووری ناو ببەین؟»**

لێرەدا کاتووزیان بەدروستی باس لەوە دەکات کە ئەوەی بەناوی گەشەوە لەلایەن سەڵتەنەتخوازانەوە بە خەڵک دەفرۆشرایەوە، لەراستیدا بردنەسەرەوەی ئاستی خزمەتگوزاری بە کەمینەیەک بووە. کەوایە، زۆربەی ئەو هەنگاوانەی کە بە ناوی بەرژەوەندیی گشتی دەکرێن، لەراستیدا نێوئاخنێکی تۆتالیتێرانەیان هەیە و لە سیستمێکدا بەڕێوە دەچن کە هیچ جۆرە کلاوڕۆژنەیەک بۆ هەناسەدانی کۆمەڵگە نەهێڵراوەتەوە. هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەدایە کە دەکرێ خوێندنەوە بۆ سەمپۆزیۆمی گرینگیی زمانی دایکی و جاڕدانی لەلایەن دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیمی ئیسلامییەوە بکەین. باسکردن لە گرینگیی زمانگەلێک کە لە بنەوانەوە بە هۆکاری ترازانی دەسەڵات و دابەشبوونی جوغرافیا دەزانرێ، هەر ئەوەندەی ئەو جێژنانە کە محەممەدڕەزا شا بە کۆکردنەوەی چەند وەفدی لە پێشدا هەڵبژێردراوی خۆی و بەناوی نەتەوەکانی ئێرانەوە بەڕێوەی دەبرد، لە ڕاستییەوە نزیکە. کەوایە دەبێ بزانین ئەم هەنگاوانە سەرەڕای ئەوەی بەڕواڵەت بۆ گرینگیپێدان و باسکردن نابن، بەڵام کۆمەڵێک چارتی ئایدیۆلۆژیکی سەرەڕۆیانەی پێوە دیارە و دەرخستنی ئەم ڕاستییانە بۆ شیتاڵکردنی تەونی خەیاڵیی فاشیزم زۆر پێویست دەنوێنێ. لە ئێستەدا کە ئەو ڕێژیمە لە پەلەقاژەی دەرەکی و ناوخۆییدایە، هەموو ئەو کەسانەی کە بەجۆرێکی خوازراو لەپێناو سپیکردنەوەی ئەم ڕواڵەتە بێزراوەدا، هەنگاو هەڵدەگرن و دەنگ هەڵدەبڕن، مەحکوومن بەوەی کە لە دواڕۆژدا بەرپرسایەتیی قورس لە ئەستۆ بگرن لەبەر ئەوەی کە ئەوە ئەوان بوونە کە بە ڕۆنگۆڕینی مەکینەی پرتووکاو و لەسوورکەوتووی وەلیی فەقیە، بەستێنی درێژەپێدانی تەمەنی ماشینی سەرکوتیان دابین کردووە. بە داخەوە دەبێ بوترێ کە ڕەگەکانی ئیستبداد لە ئێراندا ئەوەندە قووڵە کە جار وایە گەورەترین ڕووداوە نامۆکان نۆرمالیزە دەکرێ و نەبوونی ئەم هەستیارییەش وای کردووە کە سەرەڕۆییان تا ئاستێکی قێزەون سڵ لە چاوچنۆکی و فراوانخوازی نەکەنەوە کە لەلایەکەوە هەموو هەوڵیان بۆ سڕینەوەی زمانێکی زیندوو لە بیری کۆمەڵدا بخەنەر گەڕ و لە لایەکیترەوە خۆیان بە بەرگریکار و پارێزەری ئەو زمانانە لە قەڵەم بدەن.

**لە پەلەقاژەی دەرەکی و ناوخۆییدایە، هەموو ئەو کەسانەی کە بەجۆرێکی خوازراو لەپێناو سپیکردنەوەی ئەم ڕواڵەتە بێزراوەدا، هەنگاو هەڵدەگرن و دەنگ هەڵدەبڕن، مەحکوومن بەوەی کە لە دواڕۆژدا بەرپرسایەتیی قورس لە ئەستۆ بگرن لەبەر ئەوەی کە ئەوە ئەوان بوونە کە بە ڕۆنگۆڕینی مەکینەی پرتووکاو و لەسوورکەوتووی وەلیی فەقیە، بەستێنی درێژەپێدانی تەمەنی ماشینی سەرکوتیان دابین کردووە**

# پەسەند نەکردنی FATF و ئاراستەی ئورووپاییەکان

**ئارش ساڵح**

لە ڕاستیدا مانەوەی ئێران لە نێو لیستی ڕەشی FATF نەتەنیا دەتوانێ کێشەکانی ئێران لە بواری ماڵیدا زیاتر بکات بەڵکوو ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی پچڕانی زیاتری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ئێران ئاسانتر بێت. هەتا ئێستا ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ژێر گەمارۆیەکی سەختی ئابووریدایە بەڵام هێشتا ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی ناچارن چاوپۆشی لە بەشێک لە ترانزەکشێنەکانی ئێران لەگەڵ هەندێک وڵاتی ناوچە وەکوو عێراق و لوبنان بکەن. ئەمە لەبەر نفووزی سیاسی و ماڵی ئێرانە لەو ناوچانەیە بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ زیادکردنی لەمپەڕەکانی بەردەم پێوەندییە بانکییەکانی ئێران ئەگەری ئەوەی کە ئەو ترانزەکشێنانە هەم لە گەورەیی و هەم لە ڕێژەدا کەم ببنەوە زۆرترە، هەر بۆیە ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە ئامریکا و ئورووپا بۆ ڕێگەدان بەو ترانزەکشێنانە هەیانە خۆی لە خۆیدا هۆکارەکەی نامێنێت و لە ناو دەچێت. لەم نێوانەدا ئەوەی کە ئورووپا لەگەڵ ئێران ڕێک کەوت کە جارێک بارودۆخی کێشەی ناوکی هەر لەم ئاستەدا بهێڵێتەوە و ئامریکاش زۆر جیددی لەو پێوەندییەدا ئورووپای لەو پێوەندییەدا نەختە ژێر گوشارەوە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆشایی نیگەرانییەکانی ئامریکا دەتوانێت لە ڕێگەی بابەتی لیستی ڕەشی ماڵییەوە پڕ بکرێتەوە. پێشتر لە وتارێکدا کە هەر لێرە (ڕۆژنامەی کوردستان) بڵاوم کردۆتەوە باسم لەسەر ئەوە کردووە کە ئورووپاییەکان بە ئاسانی دەسبەرداری بەرجام نابن و دەیانهەوێ تا ئەو ڕادەیە کە ئەگەری هەیە ژیانی بەرجام بەردەوام بکەن. هۆکاری ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرجام ڕۆڵێکی ڕێکخەری لە پێوەندییەکانی نێوان ئورووپا و ئێران دەگێڕێت؛ بەڵام لە لایەکی ترەوە نیگەرانییەکانی ئورووپا بە نیسبەت ئێران زۆر جیددین و ئەوان لە کردەوەدا زۆریش خوشحاڵ دەبن کە بەرجام جێگەی خۆی بە ڕێککەوتنێکی تری باشتر بدات. لە ڕاستیدا هەندێ نیگەرانی وەکوو ئەوەیکە ئێران لە چەند مانگی داهاتوودا گەمارۆی چەک کڕینی بەسەرەوە نامێنێ، یان بەرنامەی مووشەکی ئێران یان دەستێوەردانەکانی لە ناوچە وای کردووە کە ئورووپاییەکان پێیان خۆش بێت کە ئێران هەست بە گوشاری ئامریکا بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر مێزی وتووێژ بۆ واژۆکردنی گرێبەستێکی بەهێز و ڕاستەقینە. پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە بەرجام یان JCPOA بە هیچ شێوەیەک گرێبەست نییە و هەروەها کە لە ناوەکەی دا ڕوونە پلانێکی هاوبەشە. هەر بۆیە هیچ واژۆیەک لە سەر ئەو گرێبەستە نییە و بە هیچ شێوە لە پارلەمان یان کۆنگرەی هیچکام لەو وڵاتانەدا پەسەند نەکراوە ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێی یاسای وڵاتان هەر گرێبەستێکی نێونەتەوەیی پێویستە لە پارلەمان یان کۆنگرە پەسەند بکرێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئورووپاییەکان هەتا ئێستاش کێشەیان هەیە لەگەڵ متمانە کردن بە پلانی بنەڕەتی یان ئامانجی سەرەکی ئامریکا هەر بۆیە سەرەڕای ئەوە پێیان باشە کە گوشارەکان زۆرتر بن بەڵام دەیانهەوێ هاوکاتیش زۆر ورد و موحتاتانە لەگەڵ ئەو بابەتە بجووڵێنەوە. یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی ئورووپاییەکان لەم پێوەندییەدا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان نایانهەوێ کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئامریکا لەگەڵ ئێران ببێتە هۆی ئەوەی سەقامگیری ناوچە زیاتر بشێوێت. ئورووپاییەکان ناتوانن لەگەڵ شەپۆلێکی گەورەی بەهێزی دیکە لە کۆچبەران، ئەمجارە لە ئێران یان لە هەموو ناوچە و لەبەر قەیرانی ئێران بۆ ئەوێ ڕووبەڕوو ببنەوە. کێشەی کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی سیاسەت، کۆمەڵگا و بگرە بەها کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئورووپایی تووشی قەیران یان لانیکەم چالشی زۆر جیددی کردۆتەوە. هەروەها ئەوان ناتوانن و نایانهەوێ تێچووی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تری ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چ بە شێوەی کێشەی ئاسایش و چ بە شێوەی ئابووری بدەن. هەر بۆیە یەکێک لە ئاڵتێرناتیڤەکانی ئورووپا ئەوەیە کە بە شێوەی خۆیان هاوکاری ئامریکا بکەن و گوشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران. بەم شێوازە هەم ئەوەی دەتوانن دۆخی هەبوو بە نیسبەت بەرجام تەسویب بکەن و هەم ئەوەی کە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئێران لەگەڵ ئامریکا. کارناسان و کاربەدەستان پێیان وایە کە ئامریکا لە کارکردن لەگەڵ ئورووپا و لە پێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەکەی لەگەڵ ئێران خەریکی شەترەنجێکی سێ ڕەهەندییە. بە هاتنە سەرکاری بۆریس جانسن لە بریتانیا لەوانەیە ئەم شەترەنجە زیاتر لە بەرژەوەندی ئامریکادا بشکێتەوە. هەروەها پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەر کردەوەیەکی ئورووپاییەکان مادامێک کە نەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گوشارەکانی سەر ئێران تا هەر ڕادەیێکیش جوان یان ناحەز بێتە بەرچاو هیچ شتێک لە شەترەنجە سەرەکییەکە ناگۆڕێت چوونکە ڕەهەندێکی تر لەو شەترەنجەدا هەیە کە واتای هەموو جووڵەکانی ئەم ڕەهەندە دەگۆڕێت.

# ١١ی ڕەشەممە، نوێنگەی ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە




محەممەد سلێمانی

١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی سیاسی و نهێنی، ڕێبەری نوێی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دوکتور قاسملوو لە میتینگێکی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسیدا تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند.

ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب، جگە لە گرێدانەوەی دوو قۆناغی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب پێکەوە، وەك سەرەتای گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی سیاسی و مێژوویی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دێتە ئەژمار کە بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لە بەرخودانی نەتەوەیی.

لەو ڕۆژەوە، بۆ جارێکی تر ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ گەلی کورد ڕەخسا کە بتوانێ بە ڕێگای کۆدەنگی نەتەوەیی مافەکانی بەدی بێنێ. دیارە ئەو کات و ڕووداوەکانی دواتر لە کوردستان، بەگشتی پرۆسەی خەباتی نەتەوەییان بەرەو دواوە برد و ئەو هێزەی کە بەردەوام داکۆکی لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد، حیزبی دێموکرات بوو.

١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات بێگومان زۆر هەستیار و هەر لەو کاتەشدا گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە، چوونکە لەو کاتەدا بە نییەتی فراوانترکردنی ڕوانگەی هزری حیزب بەرنامەی تێکۆشانی بڵاوکردەوە. ئەو ڕۆژە لە مێژووی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە و ئەو پەیامەی لەو وەختەدا وەك بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەیی بڵاو کرایەوە، لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا، شوێنی قووڵی لە سەر وشیارکردنەوەی گەلی کورد دانا و خەڵك بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانی جەماوەریان لە هەنگاوە سیاسییەکانی حیزب دەربڕی.

ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، بێگومان ڕووداوێکی لە ناکاو و بێ زەمینەی فیکری و تەشکیلاتی ڕێبەری ئەو حیزبە نەبووە و بە ئامانجێکی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی، ئەو میتینگەی لە مەهاباد پێك هێنا.

دوکتور قاسملوو بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەرك و بەرپرسیارەتی ئەو قۆناغە مێژووییەی ڕاگەیاند و بەرچاوڕوونی ڕووداوەکانی بە باشی خستە بەرچاوی خەڵك لە پێناو مافەکانیان و خەباتی دوارۆژی گەلی کورددا.

ئەو پەیامەی کە لەو ڕۆژەدا و لە میتینگی گەورەی شاری مەهاباد لە حزووری دەیان هەزارکەس لە خەڵکی کوردستان لە لایەن دوکتور قاسملووەوە پێشکەش کرا، ئەو شارەی کە پێشتر حکوومەتی کوردستانی لێ دامەزرابوو، بە دڵنیاییەوە گرینگی سیاسی و مێژوویی تایبەتی خۆی هەبوو هەم بۆ حیزب و هەم لە سەر وره و ئیرادەی خەڵکی کوردستان.

ئەوەش بەو مانایە بوو کە ئەگەر شۆڕش بۆ ماوەیەك کز بێ و توانای کرداری لەدەستبدات، بەڵام ئەو هەستە بەرزە نەتەوەییە لە لای خەڵك وەك خەونی ڕزگاری سیاسی گەشە دەکاتەوە و جووڵانەوەی سیاسی کورد دیسان سەرهەڵدەدات و بەهێز دەبێتەوە.

هەر وەك ئەو ڕووداوەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا ڕوویدا. حیزبی دێموکرات پاش ٣٢ ساڵ خەباتی سیاسی و نهێنی بۆ جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەی بۆ هاتە پێش کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا و شان بەشانیان لە شارەکاندا تێکۆشانی خۆی درێژە بدات.

بەداخەوە ماوەی حوکمڕانی سیاسی و ئیداری حیزب زۆر کەم بوو، بەڵام ئازادییە سیاسی و دێموکراتیکەکان بە باشی گەشەیان کرد و دەرفەتی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی بەگشتی پێك هاتبوو، زۆر هێز کە نفوزیان لە شارێك و چەند گوندێك تێپەڕی نەدەکرد، لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا دەرفەتی فراوانی کاری ڕێکخراوەییان بۆ ڕەخسابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی کاریگەر و بەرچاوی نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، لەو پەیامەیدا کە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا ڕایگەیاند شوعاری نەدا و بەڵکوو ڕاست لەو ڕۆژەدا حیزبی دێمۆکراتی بە ئەرکی خۆی گرێدا.

ئەو سروشتە سیاسییەی کە حدکای لە هێزەکانی دیکەی کوردستان لەو سەردەمەدا بەتەواوی لێك جیا دەکردەوە، وەفاداری بوو بە سیاسەت و هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی و لەگەڵ بارودۆخی سیاسی ڕۆژدا، ڕەنگی سیاسی و فیکری لەهەمبەر ڕووداوەکانی وڵاتدا نەدەگۆڕی.

لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی سیاسی حیزبدا، ئەو هێزەی وەك دامەزراوەیەکی بەتەواوی سیاسی و نیشتیمانی ئەرکدار کرد کە هەنگاوەکانی لە بەرژەوەندی و بەسوودی گشتی گەلی کورد بنێ و داکۆکی لە پەیامی هاوبەشی سیاسی بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند بکات.

دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو شوێنەدا ڕاگەیاندووە، کە حکوومەتی شا بە پیلانگێڕییەکی سیاسی ناچەیی و جیهانییەوە، حکوومەتی کوردستانی لێك هەڵوەشاند و تێکۆشەرانی حیزب لە سەر ئاستی ڕێبەریدا بەشێکیان گیانیان بەخشی و زۆریشیان گیران و شەهید کران.

ڕۆژی ئاشکراکردنی تێکۆشانی حیزب، بۆتە هەوێنی خەباتێکی درێژخایەنی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوە سیاسی و جەماوەرییەی کە مێژوویەکی گەش و پڕشەنگداری هەیە.

ئەو حیزبەی کە لەو ڕۆژە مێژووییەدا و، بە قبووڵکردنەوەی بەرپرسیارەتی گەورەی سیاسی بەدوای ڕاگەیاندنی خەباتی خۆیدا، بۆ جارێکی دیکە ئەرکێکی مێژوویی تازەی کەوتەوە سەرشان و بەوپەڕی ئەمانەتەوە پێشڕەوی ئەو قۆناغە سیاسییەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردووە کە ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە و خۆی لە بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری «ڕاسان» دا نوێکردۆتەوە.

حیزب وەك هێزێکی بەتەواوی دێموکرات باوەڕی بە ژینگەی فراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و زۆر بنەمای ئەخلاقی و شۆڕشگێڕی هەن کە بوونەتە کولتورێکی بەنرخی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و ڕوانگەی سروشتی سیاسی بە جۆرێك بووە کە تێیدا دەرفەتی فرەڕەهەندی و چالاکی سیاسی بۆ هەموو لایەك ڕەخساندووە.

کاتێك کەشوهەوای سیاسی وڵات بە هۆی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەتەواوی تێکچوو، حیزب کە لەو پەڕی بەهێزیدابوو، بەرپرسانە و وێڕای لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، هەڵوێستی سیاسی خۆی لە هەمبەر شەڕ و ئاشتیدا دەردەبڕێ.

بێگومان تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و بەردەوامی و ڕاگرتنی باڵانسی سیاسی و دیپلۆماسی هێندە ئاسان نەبوو و، ئەو پەیامە نەتەوەییەی دوکتور قاسملوو بڵاوی کردەوە، بەداخەوە لە پێناوی ئامانجەکانیدا قوربانی گەورە و بەنرخی زۆری لە ڕێگای ڕزگاری سیاسی گەلی کورددا بەدواوە بووە.

سەرەڕای هەوراز و نشێوی دژواری سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئاڵاهەڵگر و ڕێکخەری جووڵانەوەیەکی بەتەواوی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەیامی ١١ی ڕەشەمە گرینگی و تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبووە و ڕۆحێکی نوێ وەبەر شۆڕشی کوردستاندا کردەوە.

ڕێبوارانی ڕێبازی پەیامی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە مەهاباد، ئەو مەشخەڵەی کە بە دەستی ڕێبەری بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی دوکتور قاسملوو، پاش تێکچوونی حکوومەتی کوردستان، داگیرسێندرایەوە و وەفاداران و خەباتگێڕانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە، بە ئەمەگەوە درێژە بە ڕەوتی کار و خەباتی سیاسی و تەشکیلاتییەکان دەدەن.

دوکتور قاسملوو ٤١ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، لە پەیامێکی گرینگ و مێژوویی سیاسی و نیشتیمانیدا، بڕیاری خەباتێکی بەرفراوانی گشتگیری سیاسی و جەماوەری ڕاگەیاند و داوای لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کرد، هاوکار و پشتیوانی سیاسی لە حیزبەکەیان بکەن بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاری نیشتیمانی کە ئامانجەکانی لە سەر ئەساسی ئەو بنەما فیکرییە دیزاین کراوەتەوە، کە پێشەوای نەمر خەباتی لە پێناودا دەستپێکردبوو.

لە ١١ی ڕەشەمەدا، بە دەیان هەزار کەس لە شار و ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی شانازی پشتیوانی و بەشداربوونیان لە نێو ڕیزەکانی حیزبیان بە نەسیب بێ و گوێیان بۆ ئەو پەیامە سیاسییەی دوکتور قاسملوو گرت و پاشان بە کردار لەو حیزبە گەورە و کاریگەرەدا خۆیان ڕێکخست و بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی تاران بە شداری خەباتی شار و شاخیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشاندا کرد.

**لە ١١ی ڕەشەمەدا، بە دەیان هەزار کەس لە شار و ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی شانازی پشتیوانی و بەشداربوونیان لە نێو ڕیزەکانی حیزبیان بە نەسیب بێ و گوێیان بۆ ئەو پەیامە سیاسییەی دوکتور قاسملوو گرت و پاشان بە کردار لەو حیزبە گەورە و کاریگەرەدا خۆیان ڕێکخست و بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی تاران بە شداری خەباتی شار و شاخیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشاندا کرد**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك پێشەنگی بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای، بڕیاری داوە کە وەك هێزێکی نەتەوەیی و دێموکرات و پێشکەوتنخواز وێڕای هاوخەباتی لە گەڵ باقی هێزە سەرانسەری و نێوخۆییەکان، بە ئەمانەتەوە داکۆکی لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات.

دوکتور قاسملوو وەك ڕێبەرێکی کاریزما و خاوەن بیر و ئەندێشەی سیاسی و دێمۆکراتێکی ئەمڕۆیی، کە باوەڕێکی قووڵی بە خەباتی میللی دێموکراتیك لە ئێران و کوردستان هەبوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بوو بە جێگای ئومێد و خۆشەویستی خەڵکی کورستان و، گەلی کورد بە تەواوی هیوای لە سەر هەنگاوە سیاسییەکانی هەڵچنیبوو.

ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی حیزبێکی هاوشێوەی حیزبی دێموکرات کە بە تازەیی تامی ئەزموونێکی نوێی خەباتی ئاشکرای دەکرد، بێگومان کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبووە.

ئەوکات بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك گیروگرفتی گەورە لە سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزبدا بەدی دەکران بەڵام سەرباری کەندوکڵۆکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسی، پانتاییەکی بەرینی سیاسی و تەشکیلاتی بۆخۆی گرت.

ئەگەر لێزانی و لێهاتوویی دوکتور قاسملووی بلیمەت و دێموکرات نەبووایە، بەو ساناییە ڕیشەی لە نێودڵی خەڵکی کوردستاندا نەدەکوتا و نەدەبوو بە هێزێك کە نفووزی سیاسی و تەشکیلاتی بە هەموو کوردستاندا، بە بێ جیاوازی بڵاو ببێتەوە.

حیزبی دێموکرات پاش بەتاڵانبرانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی وڵات و درستبوونی شەڕ و نکۆڵیکردن لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە لایەن ڕێژیمی خومەینییەوە، ئەرکی سیاسی و مێژوویی حیزب دە ئەوەندەی تر قوورس بوو.

هاوسەنگی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە مەودای زۆری لە نێواندا هەبوو، شڵەژانیکی هەڵچووی هەرزەکاری فیکری ڕێکخراوەیی دروست کردبوو، کە پاشان زیانی گەورەی بە هەنگاوە سیاسییەکانی حیزب و بزووتنەوەی سیاسی کورد گەیاند و لە ڕووی سیاسی و هزریشەوە جیاوازییەکان تا زمان دەگوزەرێ زیاتر دەردەکەوتن لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو دەبوو زۆر بە هەستیارییەوە، هەنگاوەکانی بە ژیری و بەرپرسیارەتییەوە هەڵگرێت بۆیە هەوڵی ئەوەی دەدا کە کورد بە یەکگرتوویی بە دژی دەسەڵاتی تازەی ناوەند خەبات بکات، هەربۆیەش پێشوەختە لێکدانەوەی ڕووداو و داهاتووی هەنگاوە سیاسی و کردارییەکانی حیزبی دەکرد و لە هەموو قۆناغەکاندا، زۆر بلیمەتانە حیزبی، ڕێبەری و سەرکردایەتی دەکرد.

ڕۆژی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە هەموو تێکۆشەرانی حدکا و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ئەندامان و لایەنگران و پشتیوانی هەمیشەی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پیرۆز بێت.

# بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر شوناسی نەتەوەیی

ئاسۆ ساعدی

### پێشەکی

پرۆسەی بەجیهانیبوون بە گشتی، گڕینگی سنوور و چوارچێوەی وڵات – نەتەوەکانی ڕووبەڕووی کێشە و ململانێ کردووەتەوە بە جۆرێک کە هەموو دەوڵەت - نەتەوەکان لە بیری پاراستنی یەکپارچەیی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوەدان.

لەم پانتاییەدا زیاتر لەوەیکە لایەنی ئابووری و تێکنۆلۆژی گرینگ بێت، لایەنی کولتووری گرینگە. بەجیهانیبوون بابەتێکی چەندرەهەندییە و لەو باوەڕەدایە کە ژینگەیەکی نوێ لە ئاستی جیهاندا دروست بووە و هەموو بەش و ئەندامەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەم ژینگەیە کارتێکەری لەسەر کردووە.

پێکهاتنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسییەکان و ... لە نێوان کۆمەڵگا پێشکەوتوو و نەریتییەکاندا، هۆکاری گواستنەوەی بەها و نۆرمە باوەکان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بۆ کۆمەڵگا نەریتییەکانە کە ئەم پێشهاتە گۆڕینی خێرای دروست کردووە. شوناسی نەتەوەیی بەهۆی ڕۆڵی بەرچاوی لە بیاقی کۆمەڵگا، سیاسەت و کولتوور و ...، لە چەمکە گشتگیر و ڕەواییدەر بە سەقامگیری سیاسی – کۆمەڵایەتی و هۆکاری گرینگی یەکیەتی و هاوپێوەندی نەتەوەیی و پێکهاتنی ڕۆحی گشتی نەتەوەیەکە و ئەمەیە کە نەتەوەیەک لە نەتەوەکانیتر جیا دەکاتەوە.

کۆمەڵگاگەلێک کە خوازیاری پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیانن، دەتوانن لە بەرامبەر ڕەوتی بەجیهانیبوون دژکردەوە نیشان بدەن و لە فیکری پتەو و بەهێزکردنی بناخەکانی شوناسی نەتەوەییدا بن. بەجیهانیبوون وەک پرۆسەیەکی پارێزهەڵنەگرە و بەبێ خواست و ئیرادەی ئێمە ڕێگای خۆی دەپێوێ کە بمانهەوێ و نەمانهەوێ کاریگەری سەرسووڕهێنەر لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی شوناسی نەتەوەیی دادەنێت و بزاوتی کولتووری – شوناسی کۆمەڵگا ناتوانێ بەدەر لەم دیاردە درێژە بە ڕێڕەوی خۆی بدات.

### بەجیهانیبوون:

بابەتی بەجیهانیبوون سەرەتا لە دەیەی ١٩٥٠ لەلایەن بیرمەندانی بەشەکانی زانستی ئابووری، کۆمەڵناسی، زانستی سیاسی، مرۆڤناسی، ئابووریی سیاسی، مێژوو و ... هاتە ئاراوە.

واترز لەمبارەیەوە دەڵێت: بەجیهانیبوون پرۆسەیەکە کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی نەریت و باوەکان و لەداوخستنی سنووری جوگرافیایی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان.

پرۆسەی بەجیهانیبوون لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگایەکدا نییە، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگاکان تێیدا بەشدارن و بەرەوپێشچوونی بە جۆرێکە کە تەنانەت کۆنترۆڵی لەلایەن یەک وڵات و کۆمەڵگاوە ئەستەمە، چونکە پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی نوێ و پێوەندی گۆڕانکارییەکان بەجۆرێکە کە تەنانەت ئەم گریمانە کە یەک وڵات بەسەر هەموو جیهاندا باڵادەست بێ، یان لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا ناونیشانی پرۆژە وەرگرێت بێ مانایە، یان ئەگەر لە سەرەتاوە لە ژێرناوی گەڵاڵەیەکەوە دەستی پێکردبێت، بەڵام ئێستا کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی بەدەر لە توانای وڵاتانە.

ئانتۆنی گیدێنز لە پێناسەی بەجیهانیبووندا لەژێر ناونیشانی «جیهانی مودێڕنیتە» ناوی بردووە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە مودێڕنیتە خۆی لەخۆیدا بەجیهانی کردنە و بەجیهانیبوون نیشانەی ئەوەیە کە مودێڕنیتە توانیویەتی لە خۆی تێبگات، کەوابوو بەجیهانیبوون «پەرەپێدەری نوێگەری لە کۆمەڵگای نەتەوەیی بە جیهانییە».




پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە کە ئایا بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی لەنێوچوونی شوناسە نەتەوەییەکان؟ گیدێنز بڕوامەند بە پلۆرالیزمی کولتووری لە پانتایی جیهانی و لەهەمانکاتدا جیهان نیشتمانییە، بەو مانایە کە جیهان نیشتمانی دژایەتی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانیتردا ناکات و ناتوانێ شوناس و بەهاکانیان بە فەرمی نەناسێ، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە زاڵکردنی کولتوورێکی تایبەت مەیسەر نییە. تاکەکان دەتوانن جیهان نیشتمان بن و بنەمای شارۆمەندی جیهانیان هەبێ و ئەمە دژایەتی لەگەڵ شارۆمەندیی نەتەوەیەک ناکات، بەڵام بە ڕای گیدێنز بە شوناسی جیهانی نوێ، شوناسە نەتەوەییەکان دەبێ سەرلە نوێ ببوژێنرێنەوە.

### شوناسی نەتەوەیی:

گوتاری شوناسی نەتەوەیی لە سەرەکیترین بیچمی خۆیدا، جۆرێک حورمەتە بە سنوورەکانی جوگرافیایی وڵاتێک و قەبووڵ کردنی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا دەژین و هەموویان لە پەیمانێکی دیار و هاوبەشدا سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی زۆرباش بەشدارن.

شوناس بە مانای «چ کەسێک بوون» لە ویستی سروشتی مرۆڤ بە ناسران و ناساندن بە شتێک یان شوێنێک سەرهەڵدەدات. ئەم هەست بە پێویستیی بەستراوەییە، ویستێکی خۆیی و بنەڕەتییە کە لە هەر تاکێکدا هەیە. بە واتایەکیتر شوناس جۆرێک سەمبول دروست کردن و دیاردەیەکی کولتوورییە کە تاکەکان، گرووپەکان، دەستەیەک یان شوێنەکان بۆ گەیشتن بە بوونی خود و جیاوازی لە دیتران وەری دەگرن. یەکێک لە باوترین شێوەکانی دیاریکردنی شوناس هەر ئەو هەڵبژاردنی ناو و ناولێنانە بە جۆرێک کە هیچ تاک، گرووپ، کۆمەڵ یان وڵاتێک بە بێ ناو نابینرێت.

شوناس بریتییە لە سێ ئاستی تاکەکەسی، گشتی (کۆمەڵایەتی) و نەتەوەیی، شوناسی نەتەوەیی گشتگیرتر، بەرزترین و ڕێدراوترین ئاستی شوناسە.

شوناسی نەتەوەیی دامەزراوە لەسەر یەکەیەکی سەربەخۆی سیاسی بە ناوی وڵات و لەسەر ئەم بنەما هەموو ئەو تاکانەی کە خاوەن هاووڵاتی بوونی وڵاتێکن، شوناسی نەتەوەیی ئەو وڵاتەیان هەیە.

لە بیچمدان و ڕێکخستنی شوناسی هەر تاکێک، دوو توخم کاریگەری هەیە: پێناسەی ئێمە لە ناساندنی خۆمان و پێناسەی ئێمە لە ناساندنی خەڵکی دیکە. دەتوانین شوناس وەک پێشهاتەیەکی ڕانەوەستاو ببینین، بەجۆرێک کە پرۆسەی شوناس وەرگرتن بێ پسانەوە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ بەردەوامە. بەدەر لە ئاستی تاکەکەسی، شوناس لە ئاستی سەرتر، بە واتای شوناسی گشتی (خزمایەتی، هاوعەشیرەیی، هاوناوچەیی، هاوگوندی، هاوشاری، هاووڵاتی، هاوئایین، هاوزمان و هاوڕەگەز) شیاوی بەکاربردنە. شوناسی گشتی، شوناسی گرووپی کە کۆمەڵێک (گرووپێک) لە کۆمەڵانیتر (گرووپەکان) جیا دەکاتەوە. دەکرێ شوناسی نەتەوەیی بە ژێرخانی شوناسەکانیتر بزانرێت.

### قەیرانی شوناس:

لە دەیەکانی کۆتایی، تایبەتمەندی یەکخستنی چەمکی شوناسی نەتەوەیی تووشی زیان بووە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەم پێشهاتە پێوەندی هەیە بە گوتاری «بەجیهانیبوون»؛ دیاردەیەک کە لەم سەردەمەدا جێی باسە.

دیاردەی بەجیهانیبوون بوو بەهۆی بیچمگرتن و بەش بەش بوون و سەرلێشێواوی زۆرێک لە تاکەکانی بەتایبەتی وەچەی نوێ و لاوان.

لە دۆخێکدا کە وەچەی ئێستا ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کولتوورەکانیتر و هەروەها توانایی نیشاندانی دژکردەوەی گونجاو لە بەرانبەر هێرشی زانیارییەکانیان نییە و شارۆمەندانی وڵات لێهاتوویی بەرەوڕووبوونەوەی لۆژیکی و دروست لەگەڵ هێرشی زانیارییەکان، بەهاکان و نۆرمەکانیان نییە و دەگۆڕدرێن بە مرۆڤگەلێکی ژێردەست، ملکەچ و پاسیڤ و کۆمەڵگا توانایی بەرەنگاربوونەوە لە بەرانبەر قەیرانی شوناسدا نامێنێ.

پێوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتر، بەئاگابوون لە بەها کولتوورییەکانی ئەویتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرەپێدەدات و لەسەر تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی و شوناسەکەی کاریگەر دەبێت. ئەم کێشە و گرفتانە و بارودۆخێک کە ڕابرتسون بە «پارادۆکسی مرۆڤ ناوەندی» ناوی لێدەبات، پێک دێنێت کە لەلایەکەوە پێوەندی تاکەکان و کۆمەڵگای نەتەوەیی و لەلایەکیترەوە پێوەندی «فرەنەتەوەیی» لە نێوان کۆمەڵگاکان و تاکەکانی هەریەک لە کۆمەڵگاکان پەیوەست دەبێت.

### لایەنی کۆمەڵایەتی شوناسی نەتەوەیی:

ئەم لایەنە لە شوناسی نەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی پێوەندی کۆمەڵایەتی تاک لەگەڵ سیستمی زۆروزەوەندی کۆمەڵگایە کە بە واتای «ئێمە»ی کۆمەڵایەتی بیچم دەگرێت. هەستی بەستراوەیی بە کۆمەڵگای نەتەوەیی هەقیقەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێوەندی دۆستانە و سۆزدارییە. یانی باوڕ بە بوون و پێویستیی کۆمەڵگای نەتەوەیی، هەستی بەستراوەیی تاکەکان بە کۆمەڵگای نەتەوەیی، قەبووڵکردنی یەکتر وەکوو هاونیشتمانی، ڕوانینی ئەرێنی بە دیترانی کۆمەڵگا. باوەڕگەلێک سەبارەت بە بنەماکانی کۆمەڵگای نەتەوەیی، باوڕگەلی پێوەندیدار بە چارەنووس و داهاتووی کۆمەڵگا، شانازی بە ئەندامەتی ئەم کۆمەڵگا و هۆگری و خواستی دانی تێچووی پێویست بۆ ئەندامەتی و بەردەوامی ژیانی ئەم کۆمەڵگایە و بۆچوونی ئەرێنی سەبارەت بە بنەماکانی یەکیەتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە شوناسی نەتەوەیی کولتووری.

### لایەنی مێژوویی شوناسی نەتەوەیی:

گۆڕانکارییە مێژووییەکان لە بیچم پێدانی هەست بە بەستراوەیی و خۆشەویستی بە کۆمەڵێک شوناس کە بە باشی کاریگەرە.

شکستەکان، سەرکەوتنەکان، خۆشی و ناخۆشییەکانی مێژووی نەتەوەیەک بەردەوام لەلایەن تاکەوە تێکەڵاو بە هەستی خۆشەویستییە و لە بیچمدانی بە وێنا گشتییەکان کاریگەرە.

لایەنی مێژووی شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە ئاگاهی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگایەک لە ڕابردووی مێژوو و هەستی خۆشەویستی بەو ڕابردووە. ئەمە هەستی چارەنووسی هاوبەشە کە وەچەکانی نەتەوەیەک پێکەوە گرێ دەدات.

ئاگاهی سەبارەت بە مێژووی ڕابردوو و خۆشەویستی نیشتمان، سێ ڕەهەند لەخۆ دەگرێتەوە، سەرەتا زانیاری مێژوویی بە مانای زانیاری لەسەر پێشهاتە گرینگەکان و کەسایەتییە مێژووییەکان. دووهەم بەستراوەیی بە مانای هەبوونی هەست و سۆزی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ سەبارەت بەو ڕووداو و کەسایەتییە باش و خراپانە. سێهەم گرینگی مێژوویی بە مانای گرینگیدان بە پێشهاتە مێژووییەکان.

### لایەنی جوگرافی شوناسی نەتەوەیی:

ژینگەی جوگرافیایی دەرکەوتنی فیزیکی، بەرچاو، بەرجەستە و ئاشکرای شوناسی نەتەوەیی بە ئەژمار دێت. بۆ شکڵگرتنی شوناسی یەکەی نەتەوەیی، دیاریکردنی سنوور و چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراو پێویستییەکی تەواوە. پێناسەی شوناس لە ڕوانگەی جوگرافییەوە بریتییە لە بۆچوونی پۆزەتیڤ بە ئاو و خاک بەو هۆیەوە کە ئێمە نیشتەجێی وڵات و نیشتمانێکی دیاریکراوین و لە جێگەیەکی دیاریکراو لە سیستمی ژیاندا بەهرەمەندین. ئامادەیی بۆ پاراستنی نیشتمان لە کاتی ڕوودانی مەترسی، لەسەرتردانانی ژیان لە وڵاتی خود زیاتر لە هەموو جیهان یان نەبوونی ویستی کۆچکردن و قەبووڵکردنی سەرزەوییەکی دیاریکراو وەکوو وڵات، هۆگری بە یەکیەتیی نیشتمان لە داهاتوودا، ئاراستەکردنی بۆچوونی پۆزەتیڤ بە نیشتمانی خۆی، هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی لە ئەگەری ژیانکردن لەوێ.

### لایەنی کولتووری شوناسی نەتەوەیی:

کولتوور وەکوو ناسنامەی نەتەوەیەک و شوناسی کولتووری، وەکوو بەڵگەی مێژوویی تێکۆشانەکان و داهێنەریتی، شانازییەکان و بەگشتی هەوراز و نشێوەکانی پڕسەروەری یان ئامۆژگاریکاری ڕابردوو و ئێستای نەتەوەیەکە. پاراستنی شوناسی کولتووری هەر نەتەوەیەک و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کولتوورەکانیتر، ترس و دڵەڕاوکێی نیشتمان خۆشەویستییە کە لە چاوگەی ئەو کولتوورەوە تێرئاو بووە و بە لایەلایەی هێورکەرەوە و گیان لاوێنی دایکی نیشتمان لە بەستێنی ئەو کولتوورەدا گەشە دەکات و بە پێگەیشتنی فیکری و عەقڵی دەگات. ئەم ڕەهەندە لە شوناسی نەتەوەیی لەبەرانبەر میراتی کولتووری هاوبەشی نەتەوەیەک کە ڕێککەوتنێکی گشتیان هەیە سەبارەت بەو، ئاماژە دەکات. ئەم میراتە کولتوورییە هاوبەشە، کۆمەڵێک لە بەرهەمی تەلارسازی، شێوەکانی ژیان، نەریتەکان، بۆنەکان، ئوستوورەکان، هێماکان، سەمبولەکان، داب، ئەدەبیاتی زارەکی، هونەرگەلی نەتەوەیی و ناوچەیی، جلوبەرگ، شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردن و فاکتەرگەلێکی لەم بابەتە لەخۆدەگرێت. جوگرافیا کۆکراوە کۆمەڵایەتییەکان بە گرینگترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی جۆراوجۆری زمانی دەزانێ. زمان بناغەی داخوازی کولتووری و ئامرازی کارامەکردنی کولتوور، سیاسەت و شوناسە. لە کردەوەکانی زمان بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەییە. ئەگەرچی هێزی پەرتەوازەی تریش هەبن. زمانیش وێچووی هزر و بیرە و هەمیش هۆکاری خوڵقاندنی ئەدەبییە. زمانی هەر نەتەوەیەک تەنها ئامرازی قسەکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ئەو نەتەوە نییە، بەڵکوو ئامرازی بیرکردنەوە، جیهانبینی کرداری کۆمەڵایەتی، شوناسی کۆمەڵایەتی و پێوەندی گەورە و بچووک لەگەڵ یەکترە و جیهانی دەورووبەر و هەروەها سەردەمانی پێشوو و ئێستا و داهاتووە.

### لایەنی سیاسی شوناسی نەتەوەیی:

بەستراوەیی تاکەکانی نەتەوەیەک بە بنەماکانی ڕەواییدەر و سیستمی سیاسی هەڵقوڵاو کە بە وێنەی حکوومەت دەردەکەوێت، ڕەهەندی سیاسی شوناسی نەتەوەیی دێنە ئەژمار. کەواتە تەنها بەستراوەیی یاسایی یان فیزیکی بە سیستمێکی سیاسی، فۆڕم بە لایەنی سیاسی شوناس نادات، بەڵکوو هەست بە قەبووڵکردن و بەستراوەیی بە بنەمای بەهاکان و سیستمی سیاسی هەڵقوڵیوییە کە وەرگیرانی نەوەستا و سەلمێنراو دەکات.

خاڵی گرینگ سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی ئەمەیە کە شوناس بابەتێکی زەینی، ڕانەوەستاو، وەرچەرخاو و بەردەوام لە حاڵی گۆڕان بەم شێوەیە کە هێندێ فاکتەر لە شوناسی نەتەوەیی و کولتووری نەتەوەیەک لادەبردرێت و فاکتەرگەلی دیکەی پێ زیاد دەبێت. بینینی بەهرەمەندی لە شوناسی هەمیشەیی، وابینینێکی دامەزراوی و لەبەرچاونەگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ژیانی مرۆڤ لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابووری و تێکنیکییەکانە کە لە چاخ و پرۆسەی بەجیهانیبوون شیاو نایەتە بەرچاو.

# خولێکی نوێ لە شانۆگەری!



**شەماڵ تەرغیبی**

٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ خولێکی دیکە لە بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوە چوو؛ بەناوهەڵبژاردنێک کە وەک بینرا دەرهاویشتەکەی بەپێی یاسا دەبوایە دڵخوازی سەرانی ڕێژیمی تاران بێت و بۆ ئەمەش پێویستیی بە هەندێک پێشمەرج هەبوو.

پڕئاشکرایە کە مرۆڤ لە هەلومەرجی داسەپاو بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا خاوەن هەندێک بژاردەی سنووردارە و لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکدا کە کۆماری ئیسلامی ئەندازیاری بۆ دەکات، تەنیا دەتوانێ لە سێ ڕەهەندەوە هەڵوێستی سیاسی هەبێ:

یەکەم بەشێوەی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی یاسایی؛ بەو واتایە کە مرۆڤ دەبێ سەیری یاسا نووسراوەکان و لە پاشان یاسا نەنووسراوەکان بکات تاکوو بە جوانی درک بەو ڕاستییە بکات کە لە بنەڕەتڕا و لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا پرسێک بەناوی هەڵبژاردن بوونی نییە و ئەوەیکە هەیە تەنیا هەڵبژاردنە لەنێو ئەو مۆرانەی کە وەلی فەقیە دیاری دەکات و پەسندی کردوون. بە دیوێکیتریدا چونکە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکات کە سیستمی ویلایەتی فەقیهی و وەلی فەقیە هەتاهەتایی و نەگۆڕە و «ئاوەزی بێهەڵە»ی هەیە کەواتە نە دەبێ لە قسە و بڕیاراتی دەربچین و نە ڕیفۆرم لە یاسا پەسندکراوەکانی ئەودا بکەین؛ کەوابوو، هەڵبژاردن ناتوانێ ڕێکارێک بێت بۆ چاکسازی یاسایی.

دووهەم ڕەهەند، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو؛ کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە تاکوو ئێستە بەردەوام هەوڵی داوە ئەو بیرۆکەیە لە نێو کۆمەڵگادا بچەسپێنێ کە لە غەیری وەلی فەقیە و کەسانی بڕواپێکراوی ئەو، کەسی دیکە نە توانای بیرکردنەوەیان هەیە و نە دەتوانن ڕێگای درووست بۆ خۆیان هەڵبژێرن کەواتە دەبێ وەک «ئوممەت» گوێڕایەڵی «وەلی» بن تاکوو ڕێگەی دروستیان نیشان بدات و ئەو «ئوممەتە» مێگەلئاسا بکەونە دوای و چاو بنووقێنن تاکوو بە بەهەشتیان دەگەیەنێ! ئەم ڕاستییەش لە هەموو بەناوهەڵبژاردنەکانی ٤١ ساڵی ڕابردوودا بینراوە.

سێهەم ڕەهەند کە دەکرێ لێرەدا باسی بکەین بریتییە لەو ناوەند و دامەزراوە و ئامرازگەلەی کە کۆماری ئیسلامی بەهۆیانەوە شانۆگەرییەکە بەڕێوە دەبات؛ دامەزراوەکان یان ئەو نیهادانەی کە بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێک دەخەن و بانگەشەی بۆ دەکەن و دواجاریش ئاکامەکانی ڕادەگەیەنن هەموو کات پلانەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی ڕێژیم دادەڕێژن بەجۆرێک کە دەنگدان بە هەر کاندیدێک ببێتە دەنگدان بە ڕێژیم و بەخشینی ڕەوایی و مەشرووعییەت بە سیستمی تۆتالیتێر — دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی؛ بۆیە گرینگ نییە کە چ کەس یان کەسانێک کاندید دەبن، تەئید دەکرێن و دەنگ وەردەگرن بەڵکوو ئەوەیکە گرینگە بوونی دەمامکی لەو چەشنەیە کە هەم ڕەواییەکی ڕواڵەتی لە ئاستی نێخۆیی و نێونەتەوەیی بە ڕێژیم ببەخشن و هەمیش وێڕای ئەوەیکە پارێزەری گشتییەتی نیزام بن، نەبنە مایەی خەسار بۆ «پەز»ەکە!

لەسەر ئەم بنەمایەش دیتمان کە پاش بانگەشەیەکی زۆر و سەرباری شکستی تاڵ بۆ ڕێژیم لەمەڕ بەشداری نەکردنی خەڵک لە دوایین شانۆگەریی مەجلیس لە ٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ و هەوڵی زۆری ناوەندە پێوەندیدارەکان بۆ دەستێوەردان لە ئاکامی پرۆسەکە و هەروەها ڕەوتی بەڕێوەچوونی، مەجلیسێکی بە تەواوی «ویلایەتی» هاتە سەر کار تا بتوانێ بێ هیچ دردۆنگی و دڵەڕاوکێیەک هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت و باقی جەمسەرەکانی «دەسەڵات» لە ڕاستای هێشتنەوەی «نیزام» و سەرکوتی سیستماتیک تری ناڕەزایەتییەکان، هەنگاو هەڵگرێ!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەرکێکی سەرەکی مەجلیس لە ئێراندا، بەپێی ئەزموونی کار و کردەوەکانی، بریتییە لە کاریگەرییەکانی ئەم مەجلیسە لەسەر دوارۆژی ئابووریی ڕێژیم و هەروەها ئابووریی خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای سیاسی ئێران.

پڕئاشکرایە کە لە چوارچێوەی ئابووریی سیاسیی ئێراندا کە هەموو سەرچاوە گشتییەکان لەوانەش سەرچاوەکانی دەسەڵات، پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرمایە و دارایی لە خزمەت دامەزراوە ویلایەتی و دەوڵەتییەکانە، نەخشی مەجلیس تەنیا دەبێتە پاڵپشتی وەها سیستمێک کە پرسی هەڵاواردنە سیاسی و ئابوورییەکان دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە؛ بەو واتایە کە هەموو ئیمتیاز و ڕانتە سیاسی و ئابوورییەکان لە خزمەت تاقمی دەسەڵاتداری نیزیک لە دەزگای ویلایەتە و بەهۆی دزە و نفووزی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی وەردەگرن و لە سێبەری ئەودا باقی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لێ بێبەش دەکەن و لە ڕێگەی مەجلیسەوە بەرگێکی یاسایی بە بەردا دەکەن.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و مەجلیسەکەی بدەینەوە بە ڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەگەر تەنانەت گرێچنی مەجلیسەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەبووبێ، ئەوا لە نێوەڕۆکدا هەموویان لەسەر ئەو خاڵە جەوهەرییە کۆک بوون کە «دەبێ پارێزەری ڕاستەقینەی مافی دەسەڵاتدارانی سەر بە ویلایەت بن»؛ هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەزگای ویلایەت کە لە یاسای بنەڕەتیدا پێناسەی بۆ کراوە.

حکومەتی زاڵ بەسەر ئێران لە چوارچێوەی «نظارت استصوابی» شۆرای نیگابان، فیلتێری وەزارەتی ئیتلاعات، هێزی بەناو ئینتزامی، دادگوستەری و ناوەندی تۆمارکردنی کەسێتی (ثبت احوال) دایە کە ڕوونە بەو ساختارەوە، دامەزراوەی مەجلیس تەنیا دەبێتە ناوەندێکی ڕۆتینی کە ناتوانێ (تەنانەت ئەگەر بیهەوێ) هاوشێوەی نیهادی «پارلمان» لە وڵاتانی دێموکراتیک ڕۆڵی هەبێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە کە ئاماژەیان پێکرا، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە یەکەم، یەکێک لە هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی خەڵکانی ئێران لە شانۆگەرییەکە هەمان ئاشکرابوونی نەخشی بێ ڕەنگی مەجلیس لە داهاتووی خۆیان وڵاتە؛

دووهەم،ئامانجی ڕێژیم لەم چەشنە شانۆگەرییانە وەرگرتنی ڕەواییەکی «صوری» یان ڕواڵەتییە بۆ فریودانی خەڵک و بیروڕای گشتی جیهانی لەمەڕ بەردەوامیی لە دەسەڵات و سێهەم، شکستی پیلانەکانی ڕێژیم پاش زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانی و نەمانی ڕەنگی خەنەیەک کە لەم ساڵانەدا ویستوویەتی خۆی ڕووسوور نیشان بدات!

## وێـــستگە

# ڕۆڵی ژنان لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان



**نووسین: هێـمۆ**

کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی، لە لافاوە ماڵوێرانکەرەکەی سەرەتای بەهارەوە بگرە هەتا پرسی بەناوهەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی مەجلیسی ڕێژیم کە لە هەر قۆناغێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان پۆتانسیێل و توانایی خەڵک بە شێوازێکی جیاواز بۆ ڕێژیمی ئێران و کەسانێکی دیکەش کە لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکان بوون، دەرکەوت.

سەرەڕای ئەوەی کە کورد هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە هەتاکوو ئێستا دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەو چەشنە سیستمە دەسەڵاتدارییە دەربڕیوە، بەڵام پاش چەندین دەیە بێدەنگیی خەڵکانی دیکەی ئێران لە بەرانبەر ناحەقییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخەکە جیاوازتر دەبێتەوە، ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان لە هەڵکشاندان و بە دەسپێکی هەر ناڕەزایەتییەک ئەگەری دانەمرکاندنەوەشی لە ئارادایە، ئەم شێوازە لە دژایەتیکردنی سیستمی دەسەڵاتدار و بەگژداچوونەوەی سیاسەتەکانی لە لایەن خەڵکەوە زیاتر لە هەموو شتێک، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بەرانبەر بە خودی پرس و بابەتەکان دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەک کە خودی ڕێژیمیش هەستی بە مەترسیی نەمان و ڕووخان کردووە.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ناڕەزایەتییەکان، ڕێکخستنی کەمپەینەکانی یارمەتیدانی لێقەوماوان، ڕژانە سەرشەقام بۆ مەحکوومکردنی کردەوەکانی ڕێژیم وەکوو خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بە دەیان کردەوەی دیکە لە ماوەی بەتایبەت یەک ساڵی ڕابردوودا، دەکرێ وەکوو خاڵێکی گرینگ لە مێژووی ئێراندا چاویان لێبکرێت؛ گشتگیربوونی ناڕەزایەتییەکان و هاواهەنگی خەڵکانی ئێران لە دژی ڕێژیم و گرینگینەدان بە پڕوپاگەندەی باڵە جیاوازەکانی ڕێژیم و پێداگری لە سەر ماف و کەرامەتی ئینسانی نیشاندەری سەرهەڵدانی گۆڕانێکی گەورە و بەسوود بۆ خەڵکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوە ژێردەستەکانە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ژنان لە زۆربەی پرسەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا، لە دامەزراندنی کەمپەین و گەیاندنی یارمەتییەکان بە خەڵکی لافاولێدراوی لوڕستان و هاتنە سەر شەقام لە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵەوە بگرە هەتا شانۆی هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمە، هەموویان نیشاندەری هەڵوێستی واقعبینانە و بەجێی ژنان بوون، ئەو ژنانەی کە لە ڕاستیدا بە هاتنە سەرشەقام و دەنگهەڵبڕین بەرانبەر بە ستەم و بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمیان کردە بڵقی سەر ئاو و نیشانیان دا کە بەپێچەوانەی پێناسەیەک کە ئەو ڕێژیمە بۆیانی دەکات، ئەوان خاوەن هەڵوێستی مرۆیین و لە دۆخە هەستیارەکاندا وەک بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا توانایی بەرەنگاربوونەوەی مەدەنیانەیان لەگەڵ دەسەڵات هەیە. سیستمی ویلایەتی فەقیهی ساڵانێکی زۆرە کە بە پێناسەی تایبەت بە خۆی بۆ ژنان، کۆمەڵگای ئێرانی بەگشتی لەگەڵ بیرۆکەی نەبوونی توانایی و لێهاتوویی ژنان بەرەوڕوو کردووەتەوە، بە جۆرێک کە کۆمەڵگای ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بێبەری بوون لە هێز و تواناییەکانی ژنانی پێوە دیارە.

هەر بۆیە نەبوونی باوەڕبەخۆیی و ترس لە دوورخرانەوە لە لایەن کۆمەڵگاوە، زۆرێک لە ژنانی لە هەنگاوهەڵێنان و دەسپێکی گۆڕانەکان دوور کردەوە و ئەوەی کە ئێستا دەبیندرێت، دەسەڵاتێکی ئاخوندیی پیاوسالارە کە ژن نە تەنیا وەکوو ڕەگەزی دووهەم بەڵکوو وەک بوونەوەرێک چاوی لێدەکرد کە گوایە تەنیا و تەنیا بۆ بەرهەمهێنان و پەروەردەی وەچەی نوێ دەژی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای گرینگینەدان بە ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا، هەمیشە لە کاتە هەستیارەکاندا و تەنیا بە مەبەستی ڕەواییدان بە دەسەڵاتەکەی خۆی کەڵکێکی ئەبزاریی لە ژنان وەرگرتووە، کە شانۆی هەڵبژاردنەکانیش لەم نێوانەدا جێگا دەگرێت.

لە بازنەی زەمەنیی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بە گشتی دۆخی ژنان بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت، ئەگەر پێشتر ژنان تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوەدا داوای مافیان دەکرد و ئاگاداری دۆخی گشتیی ئێران نەبوون ئەوە ئێستاکە ژنان لە ڕیزی یەکەمی ناڕەزایەتییەکان بە پرسگەلێکی گرینگی وەک ئابووری، سیاسەت و دەیان پرسی دیکەدان. ئاستی تێگەیشتنی ژنان و بەربڵاوبوونەوەی چالاکییە نهێنی و ئاشکراکانی چالاکانی بواری ژنان و هەروەها ڕێکخراو و سازمانە سیاسییەکان لەم ساڵانەدا کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لە سەر پرسی ڕۆشنگەریی ژنان و هاواهەنگ کردنیان لەگەڵ توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا هەبووە.

لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بایکۆتێکی هاواهەنگ، سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، بایکۆتێک کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بوو، ئیدی نە بە قەولی خۆیان «رای اولی» بوون کارتێکەری هەبوو و نە وادە و بەڵێنیی درۆ.

بەڵام ئەوەی کە لەم نێوانەدا جێگای سەرنج بوو ئەوەیە کە نیوەی ئەو حەشیمەتەی کە لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا ڕۆڵیان گێڕا، ژنان بوون، بە واتایەکی تر نیوەیەک لە قورسایی ئەم جووڵانەوە مێژووییە لە سەر دەستی ژنان ڕووی دا و ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە و ناتوانێ بە پێناسەی زەعیفەبوون و ناتەواوبوونی ئاوەزی ژنان، ئەوان بکات بە کەرەستەیەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە گڵاوەکانی خۆی. ژنان توێژێکی بەهێز، خاوەن ئیرادە و بەتوانان و خۆیان لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگادا بە بەرپرسیار دەزانن.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی هەشتەم

**پیتی «ک» وەک: کولتوور**

کولتوور(دابونەریت یان فەرهەنگ) وشەیەکە زۆر بەکاردەبردرێ و پێناسەکردنی زۆر کارێکی ئاسان نییە. کولتوور وەک گنجینەیەکە لە هزر (ئەندێشە)، بیرۆکە، نۆرم و بەهاکان. کولتوور یانی فێربوون، یانی کۆمەڵێک دەستکەوت و نۆرمە مادی و مەعنەوییەکان کە لە درێژایی پرۆسەی مێژووی کۆمەڵگەدا پێکدێت. لە کۆمەڵناسیدا، کولتوور وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە تا ڕادیەک ئاوەڵا و تا ڕادەیەکیش داخراو پێناسە کراوە. وشەی کولتوور لە ڕاستیدا وشەیەکی فەڕانسەوییە و پێش سەدەی ١٨٠٠ بە مانای «پەرستن» هاتووە و پاشان گۆڕاوە و بەمانای پەروەردە و ڕاهێنان بەکار بردراوە. هەر لەو کاتەیشدا وشەی کولتوور لە لای ئاڵمانییەکانەوە بە مانای پێشکەوتنی شارستانییەت ناوی لێ بردراوە. یوهان کریستۆف ئادەلانگ Johann Christoph Adelung (١٨٠٦-١٧٣٢) بەڕێوبەری پەرتووکخانە و وشەنامەنووسی (فەرهەنگ نووس) ئاڵمانی کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر وشە بووە، لە ساڵی ١٧٨٢دا دوای لێکۆڵینەوەیەک لەسەر وشەی کولتوور و نووسینی وتارێک لەسەر مێژووی کولتووری مرۆڤ لەسەرەتای لەدایکبوونی تا کاتی کۆتایی ژیانی، بوو بە هۆکاری ئەوەیکە نووسەران، توێژەران و ڕووناکبیرانی کۆمەڵگە لەسەر وشەی کولتوور بە مانای پێشکەوتنی هزر و بیری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان هاودەنگ بن. هەر بۆیە وشەی کولتوور لەسەرەتای ١٨٠٠وە فۆڕمی گرت و بوو بە وشەیەکی گشتی بۆ خەڵکی هەموو جیهان. ساموئێل فیلیپس هانتینگتۆن Samuel Phillips Huntington (١٩٢٧ -٢٠٠٨) مامۆستای زانکۆ و دوکتورای زانستی ڕامیاری کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە پەرتووکی شارستانیەت و نوێکردنەوەی کولتووری جیهان دەڵێت: ‹‹دوای ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیەت، گرنگترین هۆکاری جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان، ئیدیولۆژی، ڕامیاری و ئابووری نەبوو بەڵکوو جیاوازی کولتوورەکان بوو. نەتەوەکان تێدەکۆشان کە بەنرخترین و بنەڕەتترین پرسیاری مرۆڤ وڵام بدەنەوە لەسەر ئەوەیکە ئێمە کێین؟.›› توێژەران بەو ئاکامە گەیشتوون کە مرۆڤەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی زمان، مێژوو، ئایین، کۆمەڵایەتی و دابونەریتی سەر بەو کۆمەڵگەیە کەسایەتی خۆیان پێکدێنن. چەمکی کەسایەتی گشتییە و هەموو خوو و خسڵەت، توانایی و لێهاتوویی، شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت کە بەپێی کولتوور و سیستمی پەروەردەی کۆمەڵگە و بنەماڵە لە لای تاکی مرۆڤ دروست دەبێت. ئەوە کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە شێوازی هەڵسوکەوتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێنێت. ئەو کاتەیە کە مرۆڤەکان ناسنامە و شوناسی خۆیان لەسەر بنەمای گروپێکی کولتووری یان کولتوورەکەی خۆیان فۆڕم دەدەن. کەسایەتی، بەرزیخوازی، هەڵسوکەوت و ڕەوشت هەموو ئەوانە لە ڕێگای کولتوورەوە هەڵدەسەنگێنرێن و هەر لە ڕێگایەشەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێن. وەک باوە و دەڵێن: ‹‹ئەگەر بتهەوێ نەتەوەیەک بتوێنییەوە کەواتە لە زمان و کولتووری ڕا دەست پێبکە.›› هەر بۆیە دەبینین وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەردەم لە هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی زمان و کولتووری کوردیدان. نەتەوەی بێ کولتوور و زمان، نەتەوە نییە. ئەگەر بتهەوێ ڕادەی پێشکەوتنی وڵاتێک دەست نیشان بکەی، چاو لە ئاڵوگۆڕەکانی کولتووری ئەو وڵاتە بکە. تا لە کۆمەڵگەیەکدا پەرتووک و نووسەر و خوێنەر زۆر بێت، تا ئاڵوگۆڕەکانی بەجیهانیبوون کارتێکەری ئەرێنی لەسەر کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەدا هەبێت، دەتوانین بڵێین ئەو وڵاتە کولتوورێکی دەوڵەمەند یا پێشکەوتووی هەیە. وڵاتێک پێشکەوتوویە کە کولتووری لە ئاڵو گۆڕدابێت. کولتووری بێ پەرتووک و خوێنەر، کولتوورێکی فەقیرە و هەر کۆمەڵگەیەک کولتووری فەقیری هەبێت وڵاتێکی لاواز و دواکەوتووشی هەیە کە لەوێدا سیستمی دیکتاتۆری، بێ مافی و خۆڕافات زوو سەقامگیر دەبێت. کولتوور دەتوانێ ببێتە هێزی یەکگرتوویی. با هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین بۆ پێکهێنانی کولتوورێکی پێشکەوتوو، کولتوورێک کە تێیدا گۆڕینی نۆرم و بەهاکان کە لەگەڵ قۆناغی سەردەمدا ناگونجێن، ئاسان بێت. کولتوورێک کە لە ناو ئەو زنجیرە نووسراوەیەدا ئاماژەی پێدەکرێ، دەتوانین بە کولتووری ڕاهێنەری ناوی بەرین. نابێ بە تەواوی لە ناوی کولتووری دواکەوتوودا نوقم بین و لە گۆڕانکاری بترسێین. گرنگە بێ ترس و بوێرانە بتوانین دژی کولتووری دواکەوتوو و زاڵ بەسەر سیستمی پەروەردەدا بین و هەوڵی گۆڕانکاری سەردەمیانەی تێدا بدەین.

**گەشەدان بە کولتووری «بەخشین(پێدان)» – کولتووری ڕاهێنەری**

بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ هەوڵی داوە بۆ گەشەدان بە تواناکانی و پەرەدان بە ئامانجەکانی بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆش. گەیشتن بەو ئاواتانەش لە ناو کولتوورێکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە ئاسانترە تا لە ناو کولتوورێکی داخراودا. کولتوور پێناسەی بوونی نەتەوەیەکە و کلتورەکەی بەدرێژایی مێژووەکەی دروست بووە. لە ناو کولتوورە کراوەکاندا دەرگای پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕ کراوەیە، ئەوە لە دوای ئەوە وێڕای پارێزگاری لە هێندێک نۆرم و بەهاکان، ئاڵوگۆڕیان بەسەر کولتوورەکەدا هێناوە. تا ئەو جێگایەی توانیویانە هەوڵیان داوە کولتووری ڕووناکبیری کە بنەمای زانست و زانیارییە لە کۆمەڵگەدا گەشە پێبدەن. لە ناو کولتووری ڕووناکبیریدا، گەشەدان بە زانیاری، ڕەوشتی باش، توانایی و لێهاتوویی تاکەکان، کولتووری بەخشین(پێدان)، هاوکاری، پشتیوانی، ڕاوێژکاری، هاوفکری، زانیاری دان و وەرگرتن باوە. کەواتە هەریەک لەوانەش ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەیە بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆش و ئارام بۆ تاکەکانی نیشتەجێی ئەو کۆمەڵگەیە. هەموو گۆڕانکارییەک لەسەرەتاوە و بە تایبەت لە ناو کولتوورێکدا کە بایەخەکان و نۆرمەکان پنج و ڕەگیان داکوتابێ و تاکەکان لەو کۆمەڵگەیەدا بەو ڕێوڕەسم و دیسیپلینانە ڕاهاتبن، چاوەڕوانی بەرهەڵستبوون دەکرێ. کەواتە دەبێ زۆر ب وریاییەوە ئەو گۆڕانکارییانە بێنە بەرباس. هێدی هێدی بە هەبوونی بەرنامەی دروست و گونجاو هەنگاویان بۆ هەڵبنرێت. کاتێک مرۆڤ لەناو کولتووری بەخشین(پێدان) دا گەورە دەبێت، تاکەکان بە شێوەیەکی دروست لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی عەقڵانی و فەلسەفیانە گەورە دەبن، فێری ڕاوێژکردن و دادپەروەری دەبن و بە باشی دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان بابەت و کێشەکاندا بدۆزنەوە و تەنانەت لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەیەکیشدا هەوڵ دەدەن لە یەکێک لە باشترین مێتۆدەکانی تۆماس گۆردون کە بە ناوی «مێتۆدی گوردون›› ناوبانگی دەرکردووە یانی لە ‹‹ستراتیژی بردنەوە و بردنەوە›› کەڵک وەردەگرن. لە مێتۆدی بردنەوە- بردنەوەدا، کێشەکە دوولایەنەیە و ڕێگاچارەیەک کە لە بەرژەوەندی هەر دوو لایەن دابێت چارەسەر دەکرێت. یانی لێرەدا بیر لە ڕێگاچارەیەک دەکرێتەوە کە باشترینە بۆ هەموو لایەنەکان بەڵام لە ناو کولتووری وەرگرتن بەپێچەوانەی کولتووری بەخشینە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، سەرەڕای ئەوەیکە کێشە و ناکۆکی زۆرتر دەبێت مرۆڤەکانیش زۆر بە شێوەیەکی دروست لە هەوڵی چارەسەری کێشەکەدا نابن بەڵکوو هەر کەسە هەوڵ دەدات خۆی براوە بێت و لایەنی بەرامبەریشی دۆڕاو. لەو ستراتێژییەدا کێشەکە کاتێک چارەسەر دەکرێ کە یەکێک لە لایەنەکان دەیباتەوە. کەواتە لێرە براوەکە، لەوانەیە لە کەرەستەی نابەجێ کەڵکی وەرگرتبێ وەکوو: هێز، دەسەڵات و لەوانەیە هەڕەشەش، بۆ ئەوەی لایەنەکەی دیکەی وا لێ کردبێ کە لەڕووی بێدەسەڵاتییەوە دان بە زۆر شتدا بێنێ کە لە بەرژەوەندی ئەودا نییە. لە ناو ئەو شێوە کولتوورانەدا هەرکەسەو بۆ خۆی هەوڵ دەدات و کار دەکات بۆ تواندنەوەی لایەنەکەی دیکە. لە ناو کولتووری وەرگرتندا، لەبەر ئەوەی تەنیا وەرگرتن هەیە و هیچ بەخشینێک یان پێدانێک بوونی نییە کەواتە نۆرمەکان بە شێوەی وەرگرتن جێگیر دەبن. لە نێو ئەو کولتوورەدا تەنیا لە بیری بەرژەوەندی خۆیان و وەرگرتندان. هاوڕێیەکان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان یارمەتی یەکتر دەدەن. هەر بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدی ڕاهێنەری دەتوانین کولتووری بەخشین(پێدان) گەشە پێبدەین و بیکەینە جێگرەوەی کولتووری وەرگرتن. لە ناو کولتووری بەخشین یا پێداندا، چۆنیەتی بەرهەمهێنان و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، کاریگەری ئەرێنی، قازانج، ڕێککەوتن و ...هتد لە ناو تاک تاکی ئەندامانداجێگیر دەبێت. هەروەها هەر کەس تەنیا لە بیری وەرگرتندا نییە بەڵکوو هەوڵ دەدات تا لایەنی بەرامبەریشی وەرگرێت. بڕوانە وێنەی ١٣.




**وێنەی ١٣/ لە ناو کولتووری بەخشیندا چ وەک تاک و چ وەک گرووپ باشتر دەتوانی شتێک بدەی و شتێکیش وەربگری.**

**پیتی «ڕ» وەک: ڕەخنە**

پێناسەی وشەی ڕەخنە لە بنەڕەترا بۆ یونانی کۆن دەگەڕێتەوە و لە«krites» ڕا هاتووە کە مانای جیاکردنەوە دەدات. ڕەخنە وەک میکانیزمێک بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هەڵەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت. دەتوانین پێناسەی چەمکی ڕەخنە بەو شێوە بکەین و بڵێین: «ڕەخنە یانی جیاکردنەوەی «چاک و خراپ» و «ڕاست و ناڕاست» لە یەکتر، یانی ڕەخنەگرتن بەپێی بنەماکانی لۆژیکی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستییەکان لە یەکتر. ڕەخنە وەک چەمکێکی فکری و ڕووناکبیری زۆرتر وەک پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەیە؛ بۆ گۆڕینەوەی زانیاری، بۆ فێرکردن، بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی بەهێز و دروست و هاندان بۆ بەرەوپێشچوون. هەروەک جاکسۆن Jackson دەڵێت:‹‹ گوێڕاگر بە بۆ ئەو ڕەخنانەی لێت دەگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەخنانە دەبنە هۆکاری بەهێزبوونی توانای داهێنان و وردبینی لە کارەکانتدا.›› ئەوانەی وا داوای مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە دەکەن ئازادیخوازانی کۆمەڵگەن کە بە نێو پرۆسەی قوڵی ڕەخنەدا دەرباز بوون و دەبن. ڕەخنە لە کارو کردەوەی کولتووری و سوننەتی کە بناغەیەکی کۆنیان هەیە گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئەوانە دیوارێک پێکدێنن لە بەردەم لۆژیک و نوێگەراییدا. ئەو شێوازە لە ڕەخنە، وێنەیەک لە مۆدێرنیەتی کۆمەڵگە دروست دەکات. دوو خسڵەتی گرنگ لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا هەیە، یەکەم ڕەخنەگرتن دووهەمیش داهێنانە. کەواتە بۆ بەهێزبوون، گەشەکردن و هەبوونی بیری داهێنان، ڕەخنە یان ڕەخنەلێگرتن، گرنگە. ڕەخنە بۆ مسۆگەرکردنی هەبوونی ئازادی مرۆڤەکان، بۆ گەشەدان بە هزر و تواناکانی تاکی کۆمەڵگە تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە هەبێت. ڕەخنە باشە بۆ چاکسازی نەک بۆ شکاندن و چەواشەکردنی مرۆڤەکان.

بۆ ئەوەی باشتر بتوانین گەشە بە فکر و تواناکانی خۆمان بدەین، دەبێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین، ڕەخنەگرتن وەک پڕەنسیپێکی مرۆڤی مۆدێرنە کە قۆناغەکانی کۆمەڵگەی لاسایی کردنەوەی (تەقلیدی) تێپەڕاندووە. بۆ هەموو شتێک «بەڵێ» ناڵێت و فێری «نا» گوتنیش دەبێ. فێری بەخۆداچوونەوە دەبێ. فێری هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەکان دەبێ. وا باشە هێندێک پرسیار لەخۆمان بکەین وەکوو: بەگشتی پێناسەی ئێمەی کورد لەسەر ڕەخنە و چەمکی ڕەخنە چییە؟ ڕەخنە چۆن هەڵدەسەنگێنین؟ ئایا کولتووری ڕەخنەگرتنمان هەیە؟ ئایا خاوەنی هزری ڕەخنەگرتنین؟ ئایا ناوەندەکانی خوێندن (خوێندنگەکان) دەتوانن بەرهەمهێنەری ڕەخنەگر بن؟ ئایا توانیویانە ڕەخنە بە مانای زانستییەکەی بێننە نێو کۆمەڵگە؟ ئەوەی من ئاگاداری کۆمەڵگەی کوردی بم زۆرتر تێڕوانینی ئێمە لەسەر ڕەخنە بۆ چاکسازی نییە و بەڵکوو بەداخەوە لایەنی نەرێنییە و پێوەندی بە کەسەکانەوە دەدەین تاکوو بابەتەکە یان هزرەکە، کەواتە ڕەخنەکە بە کەسی (شەخسی) دەکرێ. بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە دەبێ لە ڕێگای ڕەخنەوە ئاماژە بە کەموکووڕییەکان بکرێ، هەر وەک چۆن بۆ چارەسەرکردنی برینێک یان نەخۆشییەک، سەرەتا دەبێ برین یان نەخۆشییەکە پشکنینی بۆ بکرێ و دواتر چارەسەر یان دەرمان کردنی. هەوڵ بدەین بۆ باشترکردنی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ببینین، دەبێ بە چاوی ڕەخنەوە تەماشای دەوروبەرمان بکەین و پەنجە لەسەر ئەو خاڵە لاوازانە دانێین کە دەبنە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگە. ئەوە زۆر گرنگە بە گومانەوە نەڕوانینە ڕەخنەکان، لەبەر ئەوەی گومانکردن دەبێتە هۆکاری دروستبوونی گرفت و دوورکەوتنەوە لە چاکسازیمان.

**پیتی «د» وەک: دانوستان**

وشەی دانوستان لە دوو وشەی جیاواز وەک «دان» + «ستان» پێکهاتووە و مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە. کەواتە لە پرۆسەی دانوستاندندا دەتوانین هەم شتێک بدەین و هەمیش شتێک وەرگرین. خودی وشەی دانوستان یانی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا. دانوستاندن یا قسەکردن، یانی دابەشکردنی بۆچوونەکان و بیروڕای خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکە. یان بە واتایەکی دیکە دانوستان یانی دیالۆگ کە چەمکێکی لێکدراوی یونانییە و واتای گفتوگۆ دەدات لە نێوان دوو کەس و هێندێک جار چەند کەسێکی دیکەش دەتوانن بەشداری گفتوگۆ یان دانوستاندنەکە بکەن. دانوستاندن یەکێکە لە ئامێرەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤێکی پێشکەوتوو و خاون ئیرادە. دانوستاندن شارستانیترین پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە، دانوستاندن بۆ ناسینی یەکتر، بۆ تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر. دانوستاندن میکانیزمێکی پڕەنسیپییە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتر و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان، لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی دانوستاندندا لۆژیک زاڵە بە سەر هەست و سۆزدا و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە پەنا بۆ توندوتیژی نەبردرێت. دانوستاندن یانی گۆڕینەوەی بیروڕا و پێکهێنانی پێوەندییەکی شیاو و پێشکەوتووانە لە نێوان دوو یا چەند کەسدا. دانوستاندن کۆڵەکەیەکی بەهێز و گرنگە بۆ پێکهێنانی کولتووری ڕاهێنەری. لە پرۆسەی دانوستاندندا دەتوانین خاڵە هاوبەشەکان، داخوازییەکان و زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە کە زیاتر کاریگەری لەسەر فێربوون و فێرکردن هەبێت. پرۆسەی دانوستاندن هەر وەک پرۆسەکانی دیکە بێ کەندوکۆسپ نییە، هەر بۆیە لە سەرەتاوە گرنگە ئەو کەندوکۆسپ و تەگەرانەی دەبنە هۆی هەڵدێر و شکانی دانوستاندنەکە دەستنیشانیان بکەین و بیانخەینە ڕوو. ڕاهێنەر دەبێ کار بکات لەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانێت دانوستاندن لەگەڵ فێرخوازەکان بە باشی ئەنجام بدات یان کاتێک دژ بە یەکن (لە دژی یەکتر ڕاوەستاون) چۆن دەتوانن بە باشترین شێوە پێوەندی و دانوستاندن بکەن؟ بەبێ دانوستاندن لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخوازدا، پرۆسەی ڕاهێنەری ناتەواوە و گەیشتن بە ئاکام یان ئامانجی فێرخواز زەحمەتە.

**پیتی «ن» وەک: ناکۆکی**

کە باسی ناکۆکی دەکرێ، مەبەست کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک ناتەبایی، مشتومڕ، کێشە، ناسازگاری، ململانێ و بەربەرەکانی نێوان دوو یا چەند کەس و تەنانەت تاکێک لەگەڵ خۆیەتی. هەموو ئەو دەستەواژانە ئەگەر وریا نەبین و بە هێندیان نەگرین، دەتوانن ببنە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخوازدا وهەروەها کارتێکەریان دەبێت لەسەر پرۆسەی ڕاهێنەریدا. ناکۆکی، بەشێکی سروشتی لە پرۆسەی ژیانی ڕۆژانە و هاوکاری نێوان مرۆڤەکانە. ئەوەش شتێکی ئاساییە کە مرۆڤ پێداگری بکات یا هەوڵ بدات بۆ شتێک کە ویستی خۆیەتی. ئەگەر لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز ناکۆکی بێتە پێش، نابێ هەروا بەشێوەیەکی ڕواڵەتی و سەرەپێیی بڕوانینە ناکۆکییەکە، لەبەر ئەوەی چوکترین ناکۆکی دەتوانێ ببێتە هۆی سەرنەکەوتن یا نەگەیشتن بە ئامانجەکان. ئێمە دەزانین کە تێگەیشتن لە ناکۆکیەکە، خۆی لە خۆیدا نیوەی چارەسەری ناکۆکییەکەیە. پێویستە زانیاریمان لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکە هەبێت. گرنگیدان بە چووکەترین مشتومڕ لە کاتی خۆیدا، گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە و پێشگیری لە تەشەنە یا گەورەبوونی ناکۆکییەکە دەکات. بۆ گەیشتن بە ئامانج یان سەرکەوتن لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا پێویستمان بە پێوەندییەکی باش لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخوازدا هەیە لەبەر ئەوەی پێوەندی باش ٣٠ لە سەدی سەرکەوتنی پرۆسەکە مسۆگەر دەکات. ئەو هەشت وشەیە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان، کۆڵەکەی بنەڕەتین لە مێتۆدی ڕاهێنەریدا و هەر یەک لەوانە کاریگەری خۆیان هەیە بۆ بە ئامانج گەیشتن.




# پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٣٩٨

## (بەشی یەکەم)

ئا: کوردستان

ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ٢٧١٩ کە لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بە ناوی «نەورۆزی سەمای ئازادی» ناودێر کرابوو لە ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممەی ٩٧ەوە دەستیان پێکرد و هەتا ڕۆژی ٧ی خاکەلێوە درێژەیان کێشا.

سەرەڕای هەموو گوشارەکان و مێلیتاریزەکردن و تەنانەت هێرشکردنە سەر خەڵک، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی دڕندەی ئێرانەوە، خەڵکی کوردستان لە شار و گوند و ناوچە جیاجیاکان بە شکۆیەکی تەواوەوە، بە جامانە و هەوری و گوڵی سوورەوە، بە پێشوازی ساڵی نوێوە چوون و نەورۆزی سەمای ئازادییان بەرز ڕاگرت.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕەشەممەش لە مەکۆی خاکیپۆشەکاندا و بەدەستی بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و خاتوو پەیمان قلیج، هاوسەری شەهید شەهاب حەیدەری و خاتوو چینی مێنبەری هاوسەری شەهید مام ئەکبەر مێنبەری، ئاگری نەورۆز هەڵکرا و بۆ پشتیوانی لە سەماگێڕانی ئازادی لە شار سەمای ئازادی گێڕدرا. لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پەیامێکی بە بۆنەی دەسپێکردنەوەی ساڵی نوێی هەتاوی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: لە کاتێکدا بەرەو نەورۆزی ١٣٩٨ی هەتاوی هەنگاو دەنێین کە هەموومان چاومان لە ناوخۆی وڵاتە. چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە شێلگیرانەتر لە ساڵی پێشوو بەرانبەر بە بەڕێوەبردنی نەورۆز هەستیار بن، بۆیە پێویست دەکات خاکیپۆشانی خۆرهەڵات ناوەندی شارەکان بکەنە گۆڕەپانی سەمای جامانەکانەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەممە، تەلەویزیۆنی تیشک سەرلەنوێ دەستی بە وەشانی ئاسایی خۆی کردەوە کە لەگەڵ پێشوازی بێوێنەی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بوویەوە.

**٣ی خاکەلێوە:** لە دوای هەستانی لافاو لە شارەکانی پارێزگای گوڵستان و پشتگوێخستنی ئەو ڕووداوە لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە، سەرئەنجام خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان و سەلاسی باوەجانی کە خۆیان زامچێشتووی ڕووداوە سروشتییەکان و بێهیوا لە یارمەتییەکانی ڕێژیم بوون، لە هەوڵێکی مرۆڤدۆستانەدا بە کۆکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکان یارمەتییان بە لافاولێدراوانی ئەو پارێزگایە گەیاند.

لە ڕۆژی ٦ی خاکەلێوەدا بەردەوامیی بارینەکان لە کوردستان و ئێران پارێزگای کرماشانیشی گرتەوە و لافاو، کانێکس و خێوەتی بوومەلەرزەلێدراونی کرماشانی گەمارۆ دا. خەڵکی کوردستان دیسانەوە لە کارەسات حەماسەیان خوڵقاند و بەشێوەیەکی کەموێنە بە هانای لێقەوماوانەوە چوون.

**٧ی خاکەلێوە:** زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێری پێتەختی باشووری کوردستان، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دوکتورای شانازیی بە پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار، براوەی خەڵاتی «فلێدز»ـی بیرکاری بەخشی.

**١٩ی خاکەلێوە:** سپای پاسداران ناسنامەی ڕەسەنی خۆی وەرگرت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕێکخراوی سپای پاسدرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند؛ بە فەرمی ناسینی ئەو ڕێکخراوەیە لە لیستەی گرووپە تێرۆریستییەکاندا لە لایەن دەوڵەتی ترامپەوە تەئید کرا. ئەوە یەکەمین جار بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یەکەیەکی نیزامی، وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێنێت.

**٢٧ی خاکەلێوە:** بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا داوای لە بەکرێگیروان و ئەندامانی کوردی سپای پاسداران کرد، کە بگەڕێنەوە باوەشی گەل و چیدیکە خزمەت بەو ڕێژیمە نەکەن. هیجری لە پەیامەکەیدا وتوویەتی: هۆکاری ئەوەی لەم کاتەدا ڕووی قسەکانم دەکەمە کوردستانییان بۆ ئەوەیە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ تاکوو، هەموو ئەو کوردانەی بە شێوەیەک یارمەتیدەری هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت ئەندامانی کوردی سپا بوون، لەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە دوور بخەینەوە. حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای بەهێزکردن، پتەوکردن و پاراستنی کەرامەتی مرۆییی کورد و خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی دامەزراوە و لەم سۆنگەوە سیاسەت دەکات، بۆیە نایهەوێ لە سبەی ڕۆژدا تاکی کورد بە ناوی تێرۆریستەوە کەلەپچە بکرێت یان ڕووبەڕووی دادگاکانی دژە تێرۆر ببێتەوە، چ لە کوردستان و چ لە جیهاندا. پێویستە ئەوانەی تاکوو ئەمڕۆ بەهەر بیانوویەک و بە هەر هۆکارێک ئەندامی سپای پاسداران بوون، ئەم بانگەوازەی حیزبی دێموکرات بە جیددی وەربگرن، چونکە لە دواییدا کەس مافی ئەوەی نابێ پاکانە بۆ تێرۆریست و دەست و پەیوەندییەکانیان بکات.

**١١ی بانەمەڕ:** لە میانەی ٣٢مین خولی پێشانگای کتێبی تاران، کاربەدەستانی دیکتاتۆر و جەنایەتکاری تاران لە بەنێرێکدا کە بە وێنەی دوکتور قاسملوو نەخشێندرا بوو، ئیدعای ئەوەیان کرد کە حیزبی دێموکرات «منحلە»ـیە و دوکتور قاسملووش سەر بە بێگانەکان بووە.

**١٢ی بانەمەڕ:** مامۆستایانی ناڕازی لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان بە هاتنەسەر شەقام و گرتنی کۆبوونەوە، ناڕەزایەتییان دەربڕی و داوای مافەکانیان کرد. لە شارەکانی کوردستان، مامۆستایان بە چوونە بەردەم ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان، بە هەڵگرتنی پلاکارد و نووسراوە، ناڕەزایەتیی خۆیان لە دۆخی خراپی مووچە، پەروەردە و داهاتی ژیانی خۆیان دەربڕیوە.

**٢ی جۆزەردان:** «زارا محەممەدی»، ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی «نۆژین» و مامۆستای زمانی کوردی لە سنە، لە ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ئەمساڵدا، بە هۆکاری ناڕوون لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا کە لە ماوەیەکی کورتدا ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی لێکەوتەوە و کەمپەینی جۆربەجۆر بۆ پشتیوانی لە ناوبراو ڕێک خرا.

**٣ی پووشپەڕ:** هەڵۆکانی زاگرۆس لە وێبلاگی خۆیاندا ڕایانگەیاند کە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە، خۆفرۆشێکی بەرماولێسی سپای تێرۆریستی پاسدارانیان لە مەریوان چاوترسێن کردووە. جاشی خۆفرۆش، «شاهۆ پیروزی»، خەڵکی گوندی «نێ»ی سەر بە شاری مەریوان، کەوتە بە ڕقی هەڵۆکانی زاگرۆس و ماشینەکەی درایە بەر گوللەی بێزاری و لەکار خرا.

**٤ی پووشپەڕ:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە درێژەی گەمارۆکانی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران، ئەم جارە ڕێبەر و چەندین بەرپرسی باڵای ئەم ڕێژیمەی خستە نێو لیستی گەمارۆکانەوە. سەرکۆماری ئامریکا وتی: «ئەم بڕیارە، خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ داروودەستەکەی، لە دەسپێڕاگەیشتن بە سەر سەرچاوەی ماڵی بێبەری دەکات»

**٨ی پووشپەڕ:** پرۆفیسۆر «کۆچەر بیرکار»، براوەی خەڵاتی ‹فیلدز› کە خەڵاتێکی نێونەتەوەیی بیرکارییە، جارێکی تر لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت، لە «لەندەن»ـی پێتەختی وڵاتی بریتانیادا، خەڵاتی «ئاڵتوونی گەل»ـی ئەو وڵاتەی پێ پێشکەش کرا.

**١٨ی پووشپەڕ:** هەڵۆکانی زاگرۆس، پۆلی فەرەنگ، سەبارەت بە سزادانی دوو جاشی ناوزڕاو، لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیاندا ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە.دوو جاشی بێزراو و ناوزڕاوی ئیتلاعاتی سپای تێرۆریستی پاسداران بە ناوەکانی «ئیبراهیم شێخی» و «دیاکۆ شێخی»، بە تاوانی هەوڵدان بۆ لەداوخستنی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەو ناوچەیەدا و هەروەها چەک هەڵگرتن بە مەبەستی بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تێکۆشەرانی شار و شاخ، لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆس، پۆلی فەرەنگ، لە ناوچەی نەغەدە سزا دراون.

**١٨ی پووشپەڕ:** ڕاسانی تاراوگە لە ئورووپا بەڕێوە چوو کە تێیدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە خۆپیشاندانەکەی بروکسێلدا، پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە. لە پەیامەکەیدا لێپرسراوی گشتیی حیزب ڕایگەیاند: «ئێمە وەک حیزبی دێموکرات میراتگێری مرۆڤگەلێک وەک سمکۆ، پێشەوا و قاسملووین. مرۆڤگەلێک کە بونیادی باوەڕ بە جیهانی ئازاد و ڕزگاری بۆ کوردستانیان بۆ ئێمە داناوە. لەم ڕێگەدا دەیان جارکەوتووینەتە بەر تێرۆر، زیندان، ئەشکەنجە و ئاوارە بووینە. بەڵام پاش زیاتر لە حەوت دەیە هێشتا لەم ڕێگەدا هەنگاو دەنێین. لێرەدا کۆ بووینەتەوە تا پەیمان لەگەڵ دوکتور قاسملوو و ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵ ئەو شەهیدبوون نوێ بکەینەوە و پێیان بڵێین ڕێگاکەتان کوێر نەبووەتەوە و هەروا پڕ ڕێبوارە. بە کۆماری ئیسلامیش بڵێین تێرۆری ئەو کەسایەتییە مەزنە و تێرۆرەکانی دیکەتان دادی نەدان و نەک نەتانتوانی دەنگی ئازادیخوازیی کورد کپ بکەن، بەڵکوو ئێستا و دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ لەو تێرۆرانە ڕۆژبەڕۆژ دەنگی مافویستیی گەلی کورد زیاتر بەرزبووەتەوە و ڕاشکاوانەتر لە هەموو کات ئامادەن بۆ خەبات دژی ئێوە. تەنیا شتێک کە دەتوانێت ئاراممان بکاتەوە ڕزگاری، ئازادی، ئاسایش و بەختیاریی نەتەوەیەکە کە داوای مافەکانی خۆی دەکات. ئەو مافانەی کە بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕەوایە، بۆ ئێمەش وەک نەتەوەی کورد ڕەوایە.

دوا قسەم بۆ ئێوە کوردانی تاراوگە و ئاوارەی دەستی زۆرداری ئەوەیە کە وەک دەزانن سێ ساڵ پێش ئێستا بڕیاری ڕاسان یان ڕابوونێکی ترمان لە خۆرهەڵاتدا دەرکرد، با ئێوە خۆشەویستان بزانن کە ئەگەر دڵمان بە ئێوە گەرم نەبا، ئەگەر ئێوەمان وەک پاڵپشتی خەباتەکەمان نەزانیبا، دڵنیا بن کە ئەستەم بوو، لەو کاتەدا بڕیاردانێکی ئەوتۆ گران و گرنگ بدەین، بۆیە ئێستا ڕووی قسەکانم دەکەمە ئێوە و داواتان لێدەکەم کە چۆن ڕیزی پێشمەرگەکانمان، چۆن ڕیزی خەباتکارانی شار ڕۆژانە بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەر دەکەن، بە هەمان ئیرادە و تواناوە گۆڕەپانی وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا بکەن بە سەنگەرێکی تر لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات. کاتێک ناوی ئەم خرۆشانی بێوێنەی ئێوەمان وەک ڕاسانی تاراوگە ناو ناوە، مانای ئەوەیە کە توانا و ئیرادەی ئێوە بە ڕادەی توانای شاخ و شار بۆ خەباتی خۆرهەڵات گرینگە.

بۆیە وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای خۆرهەڵات داواکاریمان ئەوەیە کە پشتقایمتر لە جاران ئاوێتەی ڕاسان بن و هەوڵ بدەن کە ئاوێنەی خەباتی شار و شاخ بن لە جیهانی دەرەوە.»

**١٨ی گەلاوێژ:** نۆزدەهەمین خەڵاتی جیهانیی «وومەکس»، پێشکەشی کەیهان کەلهوڕ ئاهەنگساز و ژەنیاری کەمانچە کرا. بەڕێوەبەرانی ئەو پرۆگرامە هۆکاری پێبەخشینێ ئەو خەڵاتەیان سەرسامبوون و لێوەشاوەیی، هەروەها بەدیهێنانی زمانی نوێ لە موسیقای سوننەتی هێناوەتە هەژمار.

**٣ی خەرمانان:** لە ڕێوڕەسمێکی گەورە و بەشکۆدا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەسەر گڵکۆی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی»ـدا ئامادە بوون و یادی ئەم گیانفیدایانەی نیشتمانیان بەرز ڕاگرت.

**١٢ی خەرمانان:** دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، براوەی پێشبڕکێی ٥٠ کەسایەتیی ناوداری جیهانی بۆ بەدەستهێنانی ناسناوی «بیرمەندی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٩»ی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد کە «کۆچەر بیرکار»، مامۆستای کوردی زانکۆی «کەمبریجی بریتانیا»، وەک یەکەم بیرمەندی ساڵ، هەڵبژێردراوە.

**١٥ی خەرمانان:** کۆچەر بیرکار»، پرۆفیسۆری ناوداری کورد و براوەی خەڵاتی نۆبێلی بیرکاری، پاش هەڵبژاردنی وەک بیرمەندی یەکەمی ساڵ لە جیهاندا، ڕوو لە خەڵکی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دوای ئەوەی کە دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، پرۆفیسۆر «کۆچەر بیرکار»، زانای کوردی بواری بیرکاریی وەک بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژارد، ناوبراو لە لاپەڕەی فەرمیی خۆیدا لە «فەیس بووک»، سپاسی ئەو کەسانەی کرد کە دەنگیان پێی داوە.

«کۆچەر» لە بەشێکی پەیامەکەیدا نووسیویەتی: «زۆر سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە ڕیزبەندی بیرمەندانی جیهان لە گۆڤاری پرۆسپێکت، دەنگیان پێ دام. زۆر خۆشحاڵ بووم کە کوردێک و بیرکارێک وەکوو یەکەم هەڵبژێردرا». ناوبراو وێڕای جەختکردنەوە لەسەر نەتەوەی کورد و کوردستانی بوونی خۆی، لە درێژەدا وتوویەتی: «بە هیوام ئەمە ببێتە هۆی هاندانی زیاتری کوردان بۆ خوێندن و بەرەوپێش چوون».

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە



# دیمانەیەک لەگەڵ «ئاوارە هیدایەت نژاد»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**دیمانە: کوردستان**

شۆڕشی ئێستە گەلەکەمان پێویستیی بە ڕۆحێک هەیە کە لەسەر بناغەی گۆڕانخوازی بەپەلە پێکهاتبێ و لە دۆخی وەستاندا نەچەقیبێ؛ ڕاسان هەڵگری ئەو پەیامە ڕاستەقینەیە کە ناتوانێ ڕۆحی شۆڕشخوازی و گۆڕان وەلا بنێ و خۆی بە ڕواڵەت و پەراوێزەکانەوە سەرقاڵ بکات. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێ کە لاوان دەبێ نەخشی تێدا بگێڕن؛ نەک تەنیا نەخشێکی سادە بەڵکوو نەخشێکی پێکهاتەشکێن و ئاڵوگۆڕخوازی سەردەمییانە کە لەگەڵ بنەما فکرییەکانی گۆڕانخوازی ناتەبا نەبێت. یەکێک لەو لاوە دەروەستانەی نیشتمان کە میوانی ئەمجارەی «کوردستان» بۆ گۆشەی «لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە»، «ئاوارە هیدایەت نژاد» پێشمەرگەی چاونەترسی کوردستانە:

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

هەستم سەبارەت بە کوردستان ئەوە بوو کە کوردستان وڵاتێکی زوڵملێکراوە کە دەبێ ئەم نیشتمانە واتە کوردستان لە دەست زوڵم و زۆر ڕزگاری بێت و هاوشێوەی هەموو وڵاتانی سەربەستی ئەم جیهانە ئاڵاکەی بە شەکاوەیی ببینرێت و ببێتە وڵاتێکی خاوەن سەروەری کە لای گەلانی جیهان ڕێزی لێ بگیرێ.

سەبارەت بە پێشمەرگەش پێموابووە، دیارە ئێستەش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم کە پێشمەرگە ئەو شۆڕشگێڕە ماندوونەناسەیە کە لە پێناو ئازادی وڵاتەکەی بەنرخترین سامانی ژیانی واتە گیانی فیدای وڵاتەکەی دەکات.

**ـ هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم پێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟**

ئەو ڕێگا و ڕێبازە ڕێبەرانێک وەک: قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی تێیدا شەهید بوون و ئێمە دەبێت درێژەدەری ڕێبازی ئەو شەهیدانە بین؛ هەر وەک د.قاسملووی هەمیشە زیندوو دەڵێت: «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە»؛ هەربۆیە ئێمە دەبێت درێژەدەری ڕێگای ئەو شەهیدانانە بین بۆیە دەڵێم: «مردنێک لە ڕێگای نیشتمان بێت هەزار ژیانی بەقوربان بێت».

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

وەسف کردنی پێشمەرگەبوون بۆ من هەندێک دژوارە، زۆر دڵخۆشم کە ئەو شانازییەم بە نەسیب بووە کە جلی پێشمەرگایەتی لەبەر بکەم چونکە دەزانم کە ئەو شانازییە کە درێژەدەری ڕێبازی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بێت بە نەسیبی هەموو کەسێک نابێت.

بەرانبەر بە کوردستانیش دەتوانم بڵێم شانازی دەکەم لە کوردستان لە دایک بووم و دوای مردنیشم ئەگەر زیندوو ببمەوە پێمخۆشە هەر کورد بم و لە کوردستان لە دایک ببمەوە.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

نیشتمان دایکمانە واتە دەبێت بە ڕۆح و گیان بیپارێزین.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە سەربەرزانە ئامادەیە گیانی خۆی فیدای وڵاتەکەی دەکات.

شۆڕش و خەباتە کە مانا دەبەخشن بە ژیان و وات لێدەکەن زیاتر هەوڵ بدەی بۆ داهاتوویەکی ڕوون.

ڕاسان بوو کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی زیندوو کردەوە و گیانێکی تازەی بە خەڵکی بەشەرەفی ڕۆژهەڵات بەخشی.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

ئازاد بوونی کوردستانی خۆرهەڵات چونکە ئەوە ئاواتی هاوڕێ شەهیدەکانیشم بوو کە گیانی پاکیان بۆ ئەو ئاواتە فیدای خاکەکەیان کرد.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

شۆڕشگێربوون و پێشمەرگایەتی واتا دەبەخشن بە مرۆڤی کورد.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

قسەم بۆ هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لاوەکان ئەوەیە کە بێنە ڕیز و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەنگاو هەڵێنن و ببنە پێشمەرگەی کوردستان تاکوو لە یەخسیری و ژێردەستی ڕزگاریان ببێ و ئەگەر کوردایەتی و پێشمەرگایەتیشیان بۆ ناکرێت خۆیان نەفرۆشن و خیانەت نەکەن.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

داوا لە هاوسەنگەرانم دەکەم تا دوا دڵۆپی خوێنیان درێژە بە ڕێبازی هاوسەنگەرە شەهیدەکانیان بدەن؛ بەڵێنیان پێ بدەن کە ناهێڵن خوێنی ئەوان بە فیڕۆ بڕوات.

**ـ وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

پێیان دەڵێم کورد زوو یان درەنگ بە خۆفرۆش و خائینان دەڵێم کە بە زووترین کات چەکی خیانەت بە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیان و ڕۆڵەکانی نیشتمان دابنێن چوونکە لە دوارۆژدا ڕووبەڕووی چەکی ڕۆڵەکانی نیشتمان دەبنەوە و لێیان خۆش نابن.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

لە ژێر سێبەری ئاڵای شەکاوە و پیرۆزی کوردستان ژیانی پێشمەرگایەتی بەسەر بەرم و پارێزەری خاکی کوردستان و سنوورەکانی کوردستان بم و بە دڵ و بەگیان پارێزگاری لە ئازادی وڵاتەکەم بکەم کە بە خوێنی هەزاران شەهید بەدەست هاتووە.

---



## فەرهاد سلێمانپوور: دۆخی ئابووریی ئێران لە قۆناخی چەقینی ئابووریدایە!

**هەڤپەیڤین: ڕەحمان سەلیمی**

دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو حەوتوو لە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کرۆنا لە ئێران، ئابووری بێ گیانی ئێران بە دوای چوونە نێو لیستی ڕەشی FATF و هەروەها کاریگەرییەکانی مەترسی تەشەنەسەندنی ویرووسی کرۆنا ئەوەندی دیکە ئابووریی ئێرانی بەرەو دارمان برد. نرخی زێڕ و دراوە بیانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بوویەوە و بازرگانیی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕاوەستاوە . لەمبارەوە لە گەڵ بەڕێز «فەرهاد سلێمانپوور» شارەزای ئابووریی ئێران دۆخی ئابووریی تەحریمکراوی ئێران و هەروەها لێکەوتەکانی بڕیاری FATF و تەشەنەسەندنی ڤیرووسی کرۆنا و کاریگەرییەکانی دەخەینە بەرباس.

**١. تکایە لەپێشدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر FATF و سەڵاحیەت و کاریگەرییەکانی بۆ خوێنەرانی کوردستان بدەن:**

FATF یان Financial Action Task Force جی ٧ یان هەمان (جی ٨ لە لەبەر ئۆکراین ڕوسیای لێ دەرکرا) ساڵی ١٩٨٩ دامەزرا. سەرەتا ئەرکەکەی ئەوەبوو کە چاودێری و لێکدانەوەی سپیکردنەوەی پارە بکات، بەڵام لە پاش هێرشە تیرۆریستییەکەی ٢٠٠١، ئەرکی چاودێری دارایی و چۆنیەتی دابینکردنی باری دارایی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەئەستۆ گرت.

لە ٤٩ ماده پێک دێت، ٤١ ماده دژی سپیکردنەوەی پارەیە، ٨ مادەش پێوەندی بە باری دارایی گروپە تیرۆریستییەکانەوە هەیە. زۆربەی وڵاتانی جیهان جگە لە ئێران و کۆریای باکوور و چەند وڵاتێک نەبێت ئەندامی ئەم گرووپەن.

**٢. FATF لە ڕووی ئابوورییەوە چەندە گرینگە و چەندە کاریگەریی لەسەر ئابووریی ئێران دادەنێت؟**

یەکێک لە پێشمەرجەکانی ئەوە کە لە ئابووریی جیهاندا هەبیت، ئەوەیە کە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگریت، ئەگەر ڕەچاویان نەکەی ناتوانی لە ڕووی دارایی و کار و کاسبی لە بازارەکانی جیهاندا چالاک بیت. یەکێک لە کێشەکانی ئابووریی ئێران گرفتی گواستنەوەی پارەیە، کێشەکە تەنیا پێوەندی بە سزا ئابوورییەکانەوە نییە، ئەگەر ئەندامی FATF نەبیت، ئەوا لە ڕووی گواستنەوەی پارەوە کێشەت بۆ ساز دەبێ. ئەگەر نەتوانی بە ئاسانی ئەو پارانە بگوازیتەوە، ئەوا لەڕووی چۆنیەتی بەکاربردن و خەرجکردنی ئەو پارانەوە سەرکەوتوو نابیت.

لە ئاستی نیودەوڵەتیدا لە ڕووی شەفافیەتی پارە و بانکەکانەوە حەساسیەتێکی زۆر هەیە، یاسا و ڕێساکانی FATF زاڵە بەسەر پێوەندییە ئابوورییەکاندا، تەنانەت لە حاڵەتی ئاساییشدا (مەبەستی ئەوەیە سزاشت لەسەر نەبێت) ئەگەر ئەندامی ئەم گروپە بڕیارە نەبیت وڵاتان بە ئاسانی وڵامت نادەنەوە، چونکە ئەگەر وانەکەن ڕەخنەیان لێدەگیرێت و کێشەیان بۆ ساز دەکرێت. بۆنموونە، ئێران کە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی نییە، لە ڕووی هەناردەی شمەکەوە کۆسپێکی زۆری دەخرێتە بەردەم، (بۆ نموونە، گومرکێکی زۆر دەخرێتە سەر هەنارده و ناهێڵن بە ئاسانی زۆر شمەک وەک ئامرازی وەبەرهێنان (شمەکی سەرمایە) هاوردە بکات. دەکرێ ئەندامی ڕێکخراو بازرگانیی جیهان (WT) نەبیت بەڵام ئەگەر ئەندامی FATF بیت، ئەوا پێوەندی بازرگانیت لەگەڵدا دەگرن و شمەکت لێ دەکڕن و پێت دەفرۆشن.

لە لایەکی دیکەوە سیستەمی بانکی ئێران لە کار دەکەوێت، بۆ گواستنەوە و گەیاندنی پارە ناچار دەبێت ڕوو بکاتە بانکی وڵاتانی تر، ئەمەش تێچووی زۆر و ژێربەژێری دەوێت، وەک چۆن لە ڕابردوودا لە ڕێگەی چەند بانکێکی مالیزی و تورکیاوە ئەو کارەی کردووە. تەنانەت وڵاتی چینیش پێشتر بە ئێرانی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر نەبێتە ئەندام لە FATF، ئەوا کاری گواستنەوە و گەیاندنی پارەی لەگەڵدا ڕادەگرێت.

بەکورتی، ئەگەر ئەندامی FATF نەبیت، بەواتای ئەوەیە لە کاروباری داراییدا شەفاف نیت و وڵاتان لێت نیگەران دەبن و دەبێتە بیانوویەک کە هاوکاریت نەکەن. ئێستا کە ئێران کەوتووەتە لیستی ڕەشی ئەم کۆنوانسیۆنەوە، وڵاتان لە کاری بازرگانی و بەگشتی ئابووریدا بەرەبەرە لێی دەتەکێنەوە، بڕێک کاتی دەوێت تا کاریگەرییەکانی بە جوانی دەرکەوێت.

**٣. تەشەنە سەندنی کرۆنا چ کاریگەری و لێکەوتەیەک لە سەر ئابووری ئێران دادەنێت؟**

بەڕێوەبەریی نەشیاو و سزا ئابوورییەکان، دۆخی ئابووریی ئێرانیان گەیاندووەتە قۆناخێک کە پێی دەڵێن قۆناخی چەقینی ئابووری (depression)، سەرباری ئەمانەش بەهۆی گوێنەدان و نەزانکارییەوە کێشەی ڤیرووسی کۆرۆناشی هاتە سەر، واتە کێشەی ئابووری لەوەی کە هەیە زیاتر قووڵ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

یەکەم، قەبارەی بازرگانیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی تر کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە، بازرگانییەکەی لەگەڵ چین لە ٢٠١٩ نزیکەی ٢٣ میلیارد دۆلار بوو و لەگەڵ عێراقیش نزیکە ١٢ تا ١٥ میلیارد دۆلار، ئەگەر نەخۆشی کرۆنا لە ئێران کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا بازرگانیی ئێران لەگەڵ ئەو دوو گەورە وڵاتە هاولایەنە بازرگانییەی و وڵاتانی تردا ڕادەوەستێت، چین تاکە کڕیاری نەوت و کەلوپەلی پێترۆکیمیایی ئێرانە و عێراقیش گەورەترین کڕیاری شمەکی نانەوتی ئێرانە، (عێراق بڕیاری ڕاگرتنی بازرگانیی ئێرانی دا)، لەو ڕووەوە ئێران زەرەرێکی زۆر دەکات.

دووهەم، ئەگەر ئەم نەخۆشییە کۆنترۆڵ نەکرێت، زۆربەی بازاڕ و ئیدارات دەبێ بۆ ماوەیەک دابخرێن ئێستاش زۆریان داخراون، واتە چالاکی ئابووریی ناوخۆ بۆ ماوەیەک ڕادەوەستێ، کە ئەمەش بە واتای کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانە، تا ئێستا ئامارێکی وا لەبەردەستدا نییە کە لەم ماوەیەدا تا چەندە زەرەر بە ئابووریی ئێران گەیشتووە، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوودا دەردەکەوێت.

**٤. ئابووری ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە مەوجودیەتی ڕێژیمی ئێرانیی وەلەرزە خستبێت؟**

ئەگەر کێشەی چەقینی ئابووری و ئەو هەمووە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە لە هەر وڵاتێکی تر با، ئێستە دەمێک بوو سیستەمی ئەو وڵاتە هەڵدەوەشایەوە، ئەی چۆنە وا کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو هەمووە کێشەیە توانیویەتی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە؟

لە وڵامدا دەتوانین بڵێین سپای پاسداران توانیویەتی هەموو خەڵک کۆنترۆڵ بکات، لەناوخۆدا ڕێی بە ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی نەداوە، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەش هی بەشی تورک و فارسەکەی لە کردەوەدا چالاکیان نییە و جیددیی نین و تەنیا لە ڕێگەی تی ڤی و تۆڕەکانی ئەنتەرنێتەوە دەیانهەوێ ئاڵوگۆڕ پێک بێنن.

# وردبوونەوەیەک لە بنەماکانی پێکهاتەخوازی

د.ڕەهبەر مەحموودزادە

### بەشی یەکەم

ڕەنگە تەوەرەییترین چەمک لە قوتابخانەی پێکهاتەخوازیدا، چەمکی «ڕێزمان» بێ.

هەڵبەت بەکارهێنانی وشەی ڕێزمان لە باس‌وخواسی پێکهاتەخوازیدا زۆر سەرووتر لە باسی زمانە.

بەگوێرەی بۆچوونی پێکهاتەخوازانە، ئەوە هەر بە تەنیا زمان نییە کە ڕێزمانی هەیە، بەڵکوو کەلتوور، ئەدەبیات، ئوستوورە، گێڕانەوە، جلک پۆشین، چێشت خواردن، نیزامی مۆد و زۆر دابی تر گشتیان خاوەنی ڕێزمانی خۆیانن و ئەرکی بنەڕەتی توێژەری پێکهاتەخواز بریتییە لە دۆزینەوە و ڕاستەوپاستە کردنی کۆی ڕێساکانی ئەم ڕێزمانانە.

لە هەناوی گریمانەی سەرەکی پێکهاتەخوازیدا واتە لە گریمانەی خاوەن ڕێزمان بوونی نیزامە سیمیۆلۆیکەکان، لە زمانەوە بگرە هەتا شێوەی چێشت خواردن و جلک پۆشین، هەندێک پێش‌گریمانەی گرینگی تر خۆیان حەشار داوە.

یەکەم، یەکەمین پێش‌گریمانەی شاردراوە لەناو بۆچوونی سەرەکیی پێکهاتەخوازی، پێوەندی بە پرسێکی گرینگی بواری فەلسەفەی زانستە مرۆڤییەکانەوە هەیە. لەم بوارەی گۆڕیندا لە کۆنەوە پرسیارێک پسپۆڕانی فەلسەفەی زانستە مرۆڤییەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا لە پانتایی زانستە مرۆڤییەکاندا هەر بابەت و ڕووداوێک، خۆی بابەتێکی جودا و سەربەخۆیە و بۆ ناسین و ناساندن و شیکردنەوە و تەتەڵەکردنی دەبێ بەشێوەی هەڵاوێردراو لە بابەتەکانی تر کاری لەسەر بکرێ یا بەپێچەوانە لە زانستە مرۆڤییەکانیشدا وەکوو زانستە سروشتییەکان زۆر بابەتی بەڕواڵەت لێک جودا لەبنەڕەتدا دەچنە ژێر چەتری یاسایەک و ئەم بابەتانە بە هەموو جوداوازییەکانیانەوە لانیکەم لەلایەنێکەوە بەر حوکمێکی واحید دەکەون؟

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە دوو ڕووتێکردنی جوداوازەوە دەکرێ بخوێندرێنەوە و شی بکرێنەوە.

بەگوێرەی ڕووتێکردنێکەوە دیاردەیەکی واحید لە گشتایەتی خۆیدا دەکەوێتە بەر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوە و ئەم دیاردەیە لە چەندین لایەنەوە هەڵدەسەنگێندرێ و شەنوکەو دەکرێ. لێرەدا داکۆکی لەسەر فام کردنی ئەم دیاردەیە وەکوو دیاردەیەکی تاقانە دەکرێ. ئەم ڕوانینە ڕوانینێکی فامکارانەیە.

ڕووتێکردنی تر ڕووتێکردنێکی هەمەکی کارانەیە.

لەم شێوە بۆچوونەدا لایەنێکی دیاریکراوی دیاردەیەکی بەرباس ئینتزاع دەکرێ و ئەم لایەنە ئینتزاع‌کراوە نەک بەتەنیا لەپێوەندی لەگەڵ دیاردەیەکی تاک بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ هەموو دیاردە وێکچووەکانی تر باسی لەسەر دەکری.

لە ڕووتێکردنی یەکەمدا دیاردەیەک لە چەندین لایەنەوە باسی لەسەر دەکرێ.

لە ڕووتێکردنی دووەمدا لایەنێکی وێکچووی چەندین دیاردە باسیان لەسەر دەکرێ. ئینتزاع وەکوو برینەوە و جوداکردنەوەی توێژێکی دیاریکراو لە دیاردەیەک، لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی شیکارانەدا سەردەگرێ.

ڕوانینی فامکارانە داکۆکی لەسەر قووڵایی شیکردنەوەکە دەکا و پێداگریی ڕوانینی هەمەکی کارانە لەسەر بەربڵاویی شیکارییەکەیە.

واتە لەم دوو شێوە ڕوانینەدا دوو جەمسەری قووڵایی و بەربڵاوی لە بەرانبەر یەکدا ڕادەوەستن.

لە ڕوانینی هەمەکی کارانەدا وەک ئەوە وایە هێڵێک، بەسەر چەند نوختەدا تێ‌بپەڕێ و لێکیان ببەستێتەوە بەڵام لە ڕوانینی فامکارانەدا چەندین هێڵ هەموویان وەسڵی نوختەیەک دەبن و هەریەکەو لایەنێکی ئەم دیاردەیە ئاشکرا دەکەن. ئەگەر بمانهەوێ نموونەیەک لەم دوو شێوە بۆچوونە لە بواری کۆمەڵناسیدا بهێنینەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵناسێکی وەک ئەمیل دوورکیم لە نێوان دوو جەمسەری قووڵایی و بەربڵاوی و لە نێوان دوو ڕوانینی فامکارانە و ڕوانینی هەمەکی کارانەدا جەمسەری بەربڵاوی و ڕوانینی هەمەکی کارانە هەڵدەبژێرێ و کۆمەڵناسێکی وەک ماکس ڤێبریش زیاتر مەیلی لە هەڵبژاردنی جەمسەری قووڵایی و ڕوانینی فامکارانەیە.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی دوورکیمەوە دیاردەیەکی وەکوو خۆکوژی ئەگەر بە هەزاران جار و لە هەزاران شوێن و بە هەزاران شێوە ڕوویدا، دەکرێ گشت ئەم ڕووداوانە وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی واحید کە بەر حوکمێکی واحید دەکەون چاویان لێ بکرێ.

لەم لاوە ماکس ڤێبر مەیلی لەمەیە دیاردەیەکی تاکی وەکوو سەرمایەداری بە قووڵی و لە گشتایەتی خۆیدا بخاتە بەر تیشکی توێژینەوە.

کاتێک دەڵێین پێکهاتەخوازی بەشوێن دۆزینەوەی ڕێزمانی ئەم کار و چالاکییانەی مرۆڤەوەیە کە لە ڕواڵەتدا هەرکامەیان جودا و سەربەخۆ لەوانەی تر دێتە بەرچاو بەڵام لە بنەڕەتدا ڕێزمانێکی تاک هەموو ئەو چالاکییە بەڕواڵەت پەرژ و بڵاوانە لێک دەبەستێتەوە، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە پێکهاتەخوازی لە نێوان ئەم دوو جەمسەر و دوو ڕوانینە باسکراوەدا زیادتر بەلای جەمسەری بەربڵاوی و ڕوانینی هەمەکی کاریدا دەشکێتەوە.

قوتابخانەی پێکهاتەخوازی لە تیۆرییە زمانناسییەکانی زمانناسی سویسی، فێردینان دۆ سۆسۆرەوە سەری هەڵدا.

هەڵبەت ئەگەر بمانهەوێ بەشوێن پێشینەی کۆنتری پێکهاتەخوازیدا بگەڕێین ڕەنگە گەڕانەکەمان بمانگەیێنی بە بیرمەندانێکی وەک مارکس و نیچە و فرۆید.

بەڵام شوێندانانی سەرەکی لەسەر پێکهاتەخوازی لەلایەن سۆسۆرەوە بووە. سۆسۆر لە ساڵی ١٩٠٦وە هەتا ساڵی ١٩١١ کۆمەڵە دەرسێکی بەناوی «زمانناسیی گشتی» لە زانکۆی ژنێڤ گوتووەتەوە و قوتابییەکانی ئەم دەرسانەیان کۆ کردووەتەوە و وەک کتێبێک بەناوی «دەورەی زمانناسیی گشتی» لە ساڵی ١٩١٥دا چاپ و بڵاویان کردووەتەوە. هەموو ئەو کەسانەی وەکوو بیرمەندی پێکهاتەخواز لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆڤییەکاندا کاریان کردووە بە خەستی کەوتوونەتە ژێر کارتێ کردنی ئەم کتێبەوە.

باسە تەوەرەییەکانی ئەم کتێبە بریتین لە باسی جوداوازیی نێوان لانگ (زمان) و پارۆل (گوتە)، جوداوزایی نێوان شێوە لێکۆڵینەوەکانی هاوزەمانی و ناوزەمانی و هەروەها تەوەرەکانی جێ‌نشینی و هاونشینی لە زماندا و سروشتی گرێبەستەکی بوونی نیشانە و چەمکی جوداوازی و دواجار خودی چەمکی پێکهاتە.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە جیاوازیی نێوان لانگ و پارۆل و گرینگی دانی زیادتری سۆسۆر بە لانگ لەچاو پارۆل، ئەوەدەم دەتوانین بزانین بۆچی پێکهاتەخوازی زیادتر بەلای ڕوانینی هەمەکی کارانەدا دەشکێتەوە و پتر سەرنج دەداتە جەمسەری بەربڵاوی.

پارۆل لە ڕوانگەی سۆسۆرەوە بریتی‌یە لە بەکارهێنانی تایبەتی زمان لە لایەن تاکەکانەوە. گوتەی کردەکی (بالفعل) هەر کەسێک، پارۆلە. هەر کەسێک دەتوانێ بێ‌ئەژمار نموونە لە گوتەی تاک بەرهەم بهێنێ.

بەڵام هەموو ئەو گوتە تاکانە لە چوارچێوەی سیستمێکی زمانی کە بریتی‌یە لە لانگ پێک هاتوون. بۆ نموونە هەموو ئەو ڕستە کوردییانەی من ئێستا خەریکم لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا دەیاننووسم، نموونەی پارۆلن واتە شێوازی تایبەتی کەلک وەرگرتنی من لە زمانی کوردین، بەڵام زمانی کوردی لە گشتایەتی خۆیدا وەکوو سیستمێکی زمانیی گشتی کە کەسانی تریش کەڵکی لێ وەردەگرن، نموونەی لانگە. لە ڕوانگەی سۆسۆرەوە ئەرکی زمانناسی ئەوەیە لە ڕێگای شیکاریی نموونە زۆروزەبەندەکانی پارۆلەوە لە زمانێک‌دا لانگی ئەم زمانە بناسێ.

سۆسۆر پێی وایە لێکۆڵینەوەی زمانناسانە دەبێ ڕووی لە گرینگیدان بە سیستمی زمان واتە لانگ بێ نەک لە گوتەی تاکی ئاخێوەرانی زمان واتە پارۆل.

با بزانین پراکتیزە کردنی ئەم ئەسلە لە بوارەکانی غەیری زمانناسیدا چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە:

- ئەنجامی یەکەم ئەوەیە کە توێژەری پێکهاتەخواز هەموو نیزامە نیشانەییەکان وەکوو چەشنێک زمان چاو لێ دەکا. واتە ئوستوورە، حەقایەت، ئەدەبیات بە گشتی، کولتوور، نیزامی مۆد، جلک پۆشین، چێشت خواردن و ... لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە گشتیان چەشنێک زمانن.
- ڕاستە بۆ نموونە هەر حەقایەتبێژێک حەقایەتی خۆی دەڵێ یا هەر جلک پۆشێک جلکی خۆی دەبەر دەکا بەڵام ئەوانە پارۆلی حەقایەت یا جلک پۆشینن. کەواتە حەقایەت خۆی لانگی خۆی هەیە و جلک پۆشینیش دەتوانێ خاوەنی لانگی خۆی بێ.
- بۆ نموونە ئەگەر دەمانەوێ حەقایەتی کوردی بناسین، لەڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە خوێندنەوەی تاک تاکی حەقایەتەکان دەبێ ڕووی لە دۆزینەوەی لانگ یا ڕێزمانی حەقایەتی کوردی بێ.

ئەگەر ڕێزمانی حەقایەتی کوردیمان دۆزییەوە ئەوەدەم دەتوانین تیشکی سەرنج و ناسینمان بخەینە سەر هەموو حەقایەتەکان و هەر حەقایەتەی وەکوو تاکێکی ناو سیستمێکی ڕێسادار پێناسە بکەین، بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕاست نییە و ئەگەر لێکۆڵینەوەی ئێمە بارتەقای حەقایەتێک بەرتەسک بێتەوە، ناسینی ئەم حەقایەتە نەک هەر بۆ ناسینی نموونەکانی تری حەقایەتی کوردی یارمەتیمان ناکا بگرە لەوانەیە هەوڵەکەمان بۆ ناسینی خودی ئەم حەقایەتەش هەوڵێکی سەرکەوتوو نەبێ.

ڕەنگە توێژینەوەی بەیت لە بواری توێژینەوە ئەدەبییەکانی ئێمەدا نموونەیەکی زۆر بەرچاو بۆ ئەم بابەتە بێ. تا ئێستا ئەوەندەی کاری لێکۆڵینەوە لەسەر بەیتی کوردی کراوە، پێش‌گریمانەی زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەوە بووە کە هەر بەیتێک خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە و دەبێ بە جودا لێی بکۆڵدرێتەوە.

ڕەنگە ئەم پێش‌گریمانەیە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ناسینی باشتری بەیتێک بەکەڵک بێ و سەرنجی زیادتری توێژەر بۆ لای بەیتێکی دیاری کراو ڕابکێشێ بەڵام ئەگەر دواجار تاک تاکی بەیتەکان وەکوو چەند دوورگەیەکی لێک دابڕاو لێیان کۆڵدراوە، ئەوەدەم توێژەر بە هەرچی گەیشتبێ، نەگەیشتووە بە ناسینی ڕێزمانی بەیت و با بڵێین لانگی بەیتی بۆ دەستەمۆ نەبووە.

دریژەی هەیە...



هەوای زمستان خەمان بەتاڵەن
وەرو هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن
هاژەی تاف ساف شەتاوگەی شادی
سوب مەیۆ نە گۆش هۆش ئازادی
کەیفم دا وەش وەش دەستە وەستەی گوڵ
نە گۆشەی کڵاو ، نە پای دەشت دڵ ،
بۆی شنۆی شنیای تای چنوور شەوق
مدۆ نە دەماخ پڕ پەرداخ زەوق
نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن،
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
یانێ: ئازیزم ی نامەی تۆ بۆ
یە ڕەشحەی حەیات سەرخامەی تۆ بۆ
ئەی ئەسرین گەرم تاو تاوە ڕاسەن
ئەی دڵەی پەی من هووناوە ڕاسەن
بی یەن ئەی وەفا و ئەی ئیستیغناییت
ئەی گەرمی مۆبەت ، وەی ئاشناییت
تاقی یەن یاران ، یا خاوم دی یەن
جە بەدبەختی ویم باوەڕم نی یەن
ڕوخساریٚ وەختی مەسقەڵ مدا ویٚش
وە شنۆی پاریٚز خەیاڵ مەبی ڕیٚش
ئەسرین جەرگش دەن وە سەر نیٚشەدا
چەنیش دڵ ئامان ، ئامان پیٚشەدا؟
ئەو دڵەی ویٚنەی پەڕەی گوڵ بی گەرد
هەی خەم ، هەی نامەرد ، چەنیت مەلوول کەرد؟
ئەوسا ئیستیغنا وە قین وە هەم ماوەرد
ئینسان بی پەروا گیان تەسلیم مەکەرد
ئیسە بۆ ئەی تاو هەرس چون سەیلە
ئەی ئیلتیفاتە و ئەی وەفا و مەیلە
ئەی دڵەی نازک خەستەی خەمانە
گۆش دەر و بژنەو ، ئەمجار بمانە

م. مەولەوی کورد

# «چیرۆک»

## وەڵامی چاکە ئاوا نادرێتەوە خاتوو مشک!

لە زستانێکی زۆر سارد و سەختدا کە بەفرێکی زۆر باریبوو، مشك ئازووقەی لێ تەواو دەبێ.

نازانێ چی بکا، بیر دەکاتەوە بچێ بۆ لای مێرووله و لە مێرووله قەرز بکا هەتا بەهارێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەفر هەموو گوند و کێوەکانی سپی کردووە.

مشک بە ناچاری وەڕێ دەکەوێ بۆ لای مێرووله و لە دەرگای مێرووله دەدا و مێروولەش فەرمووی دەکا بۆ ژووری، دوای دانیشتنێکی کورت مشك دەڵێ: بۆ خۆت دەزانی کە زستانێکی زۆر ساردە. دوایەش زۆر بە فەقیری دەپاڕێتەوە کە ئازووقەم تەواو بووە و هاتوومە خزمەتتان بەڵکوو ڕوحمێکم پێ بکەی و، دوو ڕبەم گەنمم بدەیتێ و بەهارێ بۆت لەسەر چاوان دادەنێم و بۆت دێنمەوە.

مێرووله قەرزەکەی دەداتێ.

زستان دەڕوا و بەهار دێت و مێرووله وەدوای قەرزەکەی دەکەوێ بۆ بن دەرگای مشك کە قەرزەکەی وەربگرێتەوە. بەڵام مشك لەوەی کە قەد و قیافەی لە مێرووله گەورەترە غوڵوور دەبێ و ئەو چاکەیەی مێرووڵەی لەبیر دەچێتەوە کە لە زستانێکی سەختدا قەرزی لەگەڵ کردووە.

مشك بە مل ئەستووری وڵامی دەداتەوە و دەڵێ قەرزی چی. مێرووله دەست لە ئاتەگ درێژتر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. بۆ جاری دووهەم دەچێتەوە و دیسان داوای لێ دەکاتەوە کە قەرزەکەی بداتەوە، بەڵام مشك لە وڵامدا دەڵێ: بڕۆ ئەی قون ئەستووری نێو قەد باریك کەنگێ ئەمن قەرزم لەتۆ کردووە؟ هەر ئێستا لەبەر چاوم ون نەبی چاوانت دەردێنم و هەڵت دەپاچم.

مشك کە ئاوا زوڵمی لێ دەکا، مێروو دەڵێ وا چاکە ئەم شەرعە ببەمە لای پشیلە.

دەچێ هەموو شتێك بۆ پشیلە باس دەکا کە چۆن مشك لە زستاندا قەرزی لێ کردووە و ئێستاش زوڵمی لێ دەکا. پشیلە کە گوێبیستی ئەم بەسەرهاتە دەبێ، لەگەڵ میروولە وەڕێ دەکەوێ بۆ بن دەرگای مشك. مێرووله لە دەرگای دەدا و مشك لێی دەکاتەوە و کە دەبینێ مێرووله لە بن دەرگایە قاقایەك دەکێشێ و دڵێ بۆ هاتوویەوە؟ مێروولەش دەڵێ هاتوومە بۆ قەرزەکەم. مشکیش قاقایەکی دیکە دەکێشێ و دەڵێ: قەرزی چی قوون ئەستووری نێوقەد باریك، لێرەت نەبینمەوە! پشیلەکە کە لە بن درگا خۆی مات داوە و گوێی لە مشك دەبێ، دەڵێ: میاو، میاو. مشك کە گوێی لە میاو میاوی پشیلە دەبێ، مووی سەری قرژ دەبێ و دەڵێ: بۆ هێندەم ماتڵ دەکەی، ڕبەی بێنە هەتا بیپێوین.



چیرۆکی کۆنی فۆلکلۆر

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 769 · 5 March 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەشەمە، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:



ڕۆژی سێشەممە، ٧ی ڕەشەمە، «فەردین مورادی»، چالاکی مەدەنیی کورد، پاش ٣٥ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە، بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان :

سەردار «ئازادی»، فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی پارێزگای سنە، باسی لە دەسبەسەرکردنی سێ هاووڵاتیی لە پەیوەندیی لەگەڵ سووتاندن و دڕاندنی بەنێرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی بە ناوی نوێنەرانی مەجلیس، کرد. ناوبراو ڕایگەیاندووە: «ئەو سێ کەسە لە شارەکانی کوردستان دەسبەسەر کراون»، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی شارەکان نەکردووە.

بڕیاری ڕاگرتنی ئەندامێکی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە ناوی «ئامانج نیک پەی» کوڕی «خالید»، تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی گوندی «نێ» بۆ مانگێکی دیکە درێژ کرایەوە.

ڕۆژی هەینی ٢ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدوڵڵا سادقی» خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٦ی ڕەشەمە، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە ورمێ لاوێکی کوردیان بە ناوی «سیروان محەممەدی» دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست.

ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی ڕەشەمە، لاوێکی کورد بە ناوی «حوسێن سەمەدی» کوڕی «عەلی»، خەڵکی کرماشان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

چەند ڕۆژ پێش، لاوێکی کورد بە ناوی «پوویا پەروانە» کوڕی «عەبدوڵڵا»، تەمەن ١٨ ساڵ، لە نزیک سنووری شاری شنۆ، لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی ڕەشەمە، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی «سەید مستەفا سەبری» و کوڕەکەی بە ناوی «سەید ئەحمەد سەبری» لە شارەدێی «پەسوێ» سەر بە پیرانشار، بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەوانیان دەسبەسەر کردووە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عوبەید عزیزنژاد»، خەڵکی کرماشان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی ڕەشەمە، چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی «دلێر خوسرەوی» خەڵکی گوندی «زەنان» سەر بە شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### داسەپاندنی حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییان:



لقی ١٠٤ی دادگای کەیفەریی دووی شاری سنە بە سەرۆکایەتیی قازی «ئومیدی»، ٨ هاووڵاتیی بە ناوەکانی «پوویا فەیزی» کوڕی «مەحیەدین»، «فواد قارەمانی» کوڕی «تۆفیق»، «فواد عەنایەتی» کوڕی «عەلائەدین»، «ئیبراهیم ئاقایی» کوڕی «عەبدولقادر»، «محەممەد شەهبازی» کوڕی «خوسرەو»، «فەرهاد تاری موڕادی» کوڕی «حوسێن»، «ئەحمەد موڕادی» کوڕی «عەبدوڵڵا» و «ڕەزا ڕەجایی» کوڕی «عەلی ئەکبەر» بە ٨٠ مانگ زیندان و ٥٩٢ زەربە قامچی مەحکووم کرد.

لاوێکی کورد بە ناوی «ئەمین کاسب» خەڵکی کرماشان، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ٢ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

ئەو لاوە کرماشانییە بە «تێکدانی بیروڕای گشتی و پڕوپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران» تۆمەتبار کراوە.

بڕیاری ڕاگیرانی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شارام کازمیان» کوڕی «فارس»، تەمەن ٤٢ ساڵ، بۆ ماوەی ٢ مانگی دیکە درێژ کرایەوە.

### بێبەریبوونی زیندانییان لە مافی مورەخەسی:

پاش بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا لە ئێران و کوردستان، بەرپرسی دەزگای دادوەری لە بەخشنامەیەکدا بە تەواوی ناوەندە دادوەرییەکانی ڕاگەیاندووە کە هەتا ١٥ی خاکەلێوەی ساڵی ٩٩، بە دانانی بارمتە یان کەفالەت بۆ زیندانییانی مەحکووم بە زیندان مورەخەسی بدرێت، بەڵام ئەو بەخشنامەیە ئەو زیندانییە سیاسییانە ناگرێتەوە کە زیاتر لە ٥ ساڵ زیندانییان هەیە.

سەرەڕای پێدانی مورەخەسی بە زیندانییان لە زیندانی کرماشان، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا، لەسەر بڕیاری بەخشنامەی دەزگای دادوەری، زیندانییانی سیاسی مافی مورەخەسییان پێ نادرێت.

دوایین ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان باس لەوە دەکەن کە «مەحکوومکراوانی دزیی چەکدارانە و دزیی ماڵی کە زیاتر لە ٥ ساڵ بە زیندان مەحکووم کراون و هەروەها تاوانباران بە دزیی ماڵیی زیاتر لە کەرەتێک کە ٥ ساڵ زیندانییان هەبێت، سیخوڕی، هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی ئێران کە زیندانییەکەیان زیاتر لە ٥ ساڵ بێت، ڕفاندن، تیزاوڕشتن، قاچاخ و کڕین و فرۆشتنی چەک زیاتر لە دوو قەبزە، تاوانباران کە بە فرت و فێڵ ماڵی خەڵکی خواردووە و بە شێوەی گشتی سکاڵایان لە سەرە و تاوانبارانی قیساس و ئێعدام و...»، لە پێدانی مورەخەسی بێبەرین.

پاش بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، زیندانییانی سیاسی هێشتا لە پێدانی مافی مورەخەسی وەرگرتن بێبەرین.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: «دادوەری چاودێریی زیندانییان بە بیانووی جۆراوجۆر لە دانی مافی مورەخەسی بە زیندانییانی سیاسی خۆ دەبوێرێت».

ناوی ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە بەپێی ئەو بەخشنامەیە لەلایەن دەزگای دادوەرییەوە ئیزنی مورەخەسییان دەبێ پێ بدرێت بەم چەشنەیە: «هاشم دەروێشی، سیروان مەحموودی، ئەکبەر عومەری، هیدایەت عەلیزادە، وەفا ئەسەدی، محەممەد قەنبەردوست، یووسف قەرەنیپوور، ئیبراهیم حەدادی، سامان حوسێنی ئەسڵ، سیروان حوسێنی ئەسڵ، ئاران (مەجید) تەیباش، عارف محەممەدی، محەممەد شەریف سالم دزەیی، محەممەد سەلەحشوور، ئاوات جەوانبەخت، ساڵح خۆشکەلام، محەممەد حوسێنپوور، فاروق کوڕی خوسرەو، موحسین مەحاڵی، سەردار عوسمانی بەکر، بەشیر پیرموانا، ڕەحیم مەحموودی ئازەر، ڕەحیم توورگووت، پەرویز ناسری، سابیر کەمانی، کامران کەمانی، محەممەد میرزایی و پەیمان میرزازادە».

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:



ڕۆژی شەممە، ٣ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی «سەیوان سێفی» خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەوڵاوا، لە کاتی کۆڵبەریکردن لە ملەی تەتە بەربووەوە و بەسەختی بریندار بوو.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی سنووری شاری پیرانشار، لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە تەقەیان لێکراوە.

لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانەی سپا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «وەلی خەلیفە» تەمەن ٢٨ ساڵ، بە سەختی بریندار بوو.

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «زەکەریا موعەتەر»، خەڵکی مەریوان، بەهۆی بەربوونەوە لە ملەی تەتەی هەورامان بەسەختی بریندار بوو.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابروودا، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری سەڵماس کرانە ئامانجی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران.

لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەلی مامل» خەڵکی ورمێ، بەسەختی پێکرا.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ی ڕەشەمە، کرێکارێکی کورد بە ناوی «خالید ڕەحیمزادە» تەمەن ٣٢ ساڵ، بەهۆی کارەباگرتوویی لە کاتی کارکردندا گیانی لەدەست دا.

ئەو کرێکارە کوردە کرێکاری «ئاڵماتۆڕبەندی» بووە و لە بینایەک خەریکی کار بووە کە تووشی ئەو ڕووداوە هاتبوو.

### تەقینەوەی مین:



ڕۆژی شەممە، ٣ی ڕەشەمە، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە چێندراو و کۆنەکراوەکانی شەڕی ئێران و عێراق لە ناوچەی قەسری‌شیرین، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٤ ساڵ گیانی لەدەست دا.

### ئێعدام کردن و داسەپاندنی ئێعدام بە سەر هاووڵاتییان:



سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، زیندانییەکی کورد بە تۆمەتی «کوشتنی بە ئەنقەست» بە ناوی «ئەمیر مەحموودپوور» خەڵکی شاری بۆکان لە بەندی لاوانی زیندانی ورمێ لە سێدارە درا.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی ڕێبەندان، سێ هاووڵاتیی کورد، دوو کوڕ و کچێک لە شارەکانی کامیاران، سەقز و پیرانشار، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

«عارف سەمیمی» خەڵکی گوندی «شێروانە»ی کامیاران، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، دەستی داوەتە خۆکوژی.

لەلایەکی دیکەوە، سەر لە بەیانی ڕۆژی ڕابروودا، لاوێکی تەمەن ٢٨ ساڵ بە ناوی «حیسام نادری» کوڕی مەحموود خەڵکی گوندی «وزمەڵە» لە شاری سەقز لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەروەها سەرچاوە نافەرمییەکان، باسیان لە خۆسووتاندنی کچێکی لاو لە شاری پیرانشار بە ناوی «کەوسەر» دەکەن کە بە هۆی خۆسووتاندنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

لە ماوەی ئەم حەوتوویەدا و لە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا، دوو کچە قوتابیی خەڵکی شاری جوانڕۆ بە ناوەکانی «مەهسا وەلیزادە» و «سارینا وەیس موڕادی»، بە هۆکاری نادیار کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

### مانگرتنی زیندانییان:

ڕۆژی دووشەممە، ٥ی ڕەشەمە، ١٧٠ زیندانی لە بەندی ڕەواندەرمانیی ١ و ٢ی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، دەستیان داوەتە مانگرتن.

ئەو زیندانییانە بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین لە پچڕاندنی ٢١ ڕۆژەی ئاو مانیان گرتووە و هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندان بۆ دابینکردنی ئیمکاناتی خۆشبژێویی بەندی ڕەواندەرمانیی ١ و ٢ هیچ هەنگاوێکی بەکردەییان هەڵنەگرتووە.

ڕۆژی سێشەممە ٦ی ڕەشەمە، «ڕەحیم مەحموودی‌ئازەر»، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین، بەنیسبەت داخوازی ناوبراو بۆ ئازادیی بێمەرج، مانیان گرتووە.

### گیان لە دەسدانی زیندانی لە زیندان:

ڕۆژی هەینی ٩ی ڕەشەمە، زیندانییەک بە ناوی «فەریق محەممەدی»، تەمەن ٤٧ ساڵ، خەڵکی ناوچەی دەشتەبێڵی شاری شنۆ و دانیشتووی ورمێ، بەهۆی خراپیی باری تەندروستییەکەی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ گیانی لەدەست دا.

Kurdistan Press Agency